دەروازەی سێیەم

ئـــــابــووری

بەشی یەکەم / داهاتی دارای

باسی یەکەم: سەرانە

سەرانە لە خیلافەتی ئەبوبەکر (رەزای خوای لێبێت):

سەرانە بریتی یە لەو بڕە پارەیەی کە دەسەپێنرێتە سەر ئەوانەی پیان دەوترێت (أهل الكتاب) لە جوولەکە و گاور ئەوانەش کە گومانی بوونی کتابیان لێ دەکرێت وەکو مەجووسەکان. تەنها لە باڵغەکانی پیاوان وەردەگیرێت بەدەر لە ژنانو منداڵان.

خوای گەورە لە قورئاندا دایناوە، پێغەمبەریش (ﷺ) لە ژیانی خۆیدا وەریگرتووە، لە پاش لە دونیا دەرچوونیشی ئەبوبەکر (رەزای خوای لێبێت) وەریدەگرێت، یەکەمین سەرانەش لە خەڵکی نەجران وەرگیرا، کە بریتی بوو لە دوو هەزار پۆشاك، لە هەموو مانگێکی رەجەب هەزار پۆشاك، لە هەموو مانگێکی صەفەریش هەزاری تر، هەموو پۆشاکێك کێشی یەك (ئوقە) بوو لە زیو، هەرچی یەکیش لە باجەکان زیاتر بوایە یان کەمتر بە حسابی خۆی دەبوو، هەرچی یەکیشیان بە قەڵغان و ئەسپو کەرەستەکانی، یان کاڵای تر بگۆڕیبا هەر بە حسابی خۆی دەبوو، ئازووقەو پێداویستی رەوانەکراوەکانیش لە سەر خەڵکی نەجران بوو بۆ بیست رۆژ بەرەو خوار، ئەمە ئەو نووسراوە بوو کە پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ ئەهلی نەجران لەسەری رێککەوت، پاش کۆچی دوای ئەو ئەبوبەکر (خوای لێ رازی بێت) نوی کردەوە.[١]

ئینجا لە دەرئەنجامی فەتحکردنی هەندێ ناوچە لە عێراقو شام، سەرانەیان سەپێنرایە سەرو سەرچاوەکان باس لە هەندێك ژمارەی جیا جیادەکەن سەبارەت بە بڕی ئەو سەرانە، لەسەر ناوچەی

١) الحديث في سنن أبي داود ٣: ٤٢٩، ٤٣٠، وأبويوسف: الخراج ٧٢، ٧٣ نقلاً عن ابن اسحق، وأبوعبيد: الأموال ٢٠١، ٢٠٢، وابن زنجويه: الأموال ٢: ٤٤٩ ـ ٤٥٠، وابن سعد: الطبقات ١: ٢٨٧ـ ٢٨٨، والبلاذري: فتوح البلدان ٨٧ـ ٨٨، والطبري: تأريخ ٣: ٣٢١ـ ٣٢٢ بدون اسناد.

حیرە لە هەزار درهەمەوە دەسپێدەکات،[1] ئەمجا شەست هەزارو هەشتاو چوار هەزارو نەوەد هەزارو سەد هەزارو سەدو نەوەد هەزارو چوار سەد هەزار درهەمی بەپەلە، سەرانایەکی دیاریکراویش دەستنیشان نەدەکرا بۆ هەموو پیاوێك.[2]

لێرەشدا پێویستە وریای ئەگەری هەڵەکردن بین لە نێوان وشەکانی (ستين)و (سبعين)و (تسعين)، ئینجا ئەگەر کەوتنی (ستين) پێش (الف) بەتایبەت ئەگەر وەرگرتن لە هەندێ بروانامەی کۆنەوە بێت کە بێ نوکتە بێ، جیاوازی بڕی سەرانەکانیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حیرە چەند جارێك لە دەستی موسڵمانان دەرچووەو دوبارە فەتحکرایەوە بە مەرجی نوێ ئەوەیش راڤەی جیاوازی بڕی سەرانەکان دەکات.

ئەو سەرانەی سەپێنرابووە سەر حیرە، یەکەمین پارەیەك بوو کە لە عێراقەوە هێنرا بۆ مەدینە،[3] صوڵحیش کرا لەگەڵ لادێکانی ڕەشەخاکدا (بانقیاو روسماو ئەلیس و نهر المرأة) لە سەر بڕێك سەرانە، ئەویش بیرۆکەیەك دەخاتە روو دەربارەی ژمارەی دانیشتوان لە لادێکان سەرچاوەکان جیاوازیان بووە لە دەستنیشان کردنیدا، لە نێوان هەزار درهەم (ئەلیس)و هەزار دینار (ئەلیس)و دە هەزار دینار[4] (بانصیاو باروسما) و دوانزە هەزار درهەم[5] (نهر المرأة)، جیاوازی بڕە پارەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ دووبارە بوونەوەی فەتحکردن بە هۆی پەیمان شکاندنی دانیشتوان لەگەڵ فاتحەکان، ئەوەیش دەبووە مایەی تازەبوونەوەی گرێبەستەکانی ئاشتی بە مەرجی تازە، بەڵام لادێکانی ڕەشەخاك (سواد) بە زۆر فەتحکراوە،[6] بۆیە لە سەری بوو سەرانەیەکی هاوبەش بدەن بە دەستەبەری لە نێوان کەسەکاندا، بێ دەستنیشان کردنی ئەوەی لەسەر زەوی یان ئەوەی لەسەر سەرێك، زاراوەی خەراجیش تایبەت بوو بە سەرانە تا ئەو کاتەی عومەر تایبەتی کرد بە داهاتی زەوی.

١) ابن أبي شيبة: المصنف باسناد رجاله ثقات، وراجع بقية الارقام في الخراج لأبي يوسف ١٤٣ عن ابي اسحق، وابي عبيد: الاموال ٨٩، والبلاذري: فتوح البلدان ٣٤٣، ٣٤٠، والطبري: تاريخ ٣: ٣٤٤، ٣٤٥، ٣٦٢، ٣٦٤، والازدي: فتوح الشام ٦٤.

٢) يحيى بن آدم: الخراج ٥٣، والبيهقي: السنن الكبرى ٩: ١٣٤.

٣) ابويوسف: الخراج ١٤٤، ١٤٧، والبلاذري: فتوح البلدان ٣٤٠، والطبري: تاريخ ٣: ٣٤٥.

٤) الطبري: تاريخ ٣: ٣٦٧، من طريق سيف ٣٧٥، ٦١٩- ٦٢٠- وابو عبيد: الاموال ٨٨- ٨٩- ٩٠.

٥) خليفة: التاريخ ١١٨ عن المدائني.

٦) يحي بن آدم: الخراج ٥٢، وابو عبيد: الاموال ٨٨، والبيهقي: السنن الكبرى ٩: ١٣٣- ١٣٤.

گرێبەستی ئاشتی حیرەش وا دەدرەخات کە سەرانە لە قەشەکان و خاوەن دەردو نەخۆشە درێژخایەنەکان وەرنەدەگیرا، هەروەها چاوپۆشی دەکرا لە پیرو پەککەوتەو هەژاران کە لەسەر یارمەتیدان دەژیان.[1] ئینجا دانیشتوانی مەدینە سەرانەکانیان کۆدەکردەوەو دەیاندایە دەست بەرپرسە موسڵمانەکان.[2] زەوی یەکانیش بەدەست خاوەنە کۆنەکانیان مانەوە.[3]

سەرچاوەکان باسی بڕی ئەو سەرانە ناکەن کە خرایە سەر هەندێك لادی تر کە لەگەڵ خالیدی کوڕی وەلید گرێبەستی ئاشتی یان بەست وەکو: بەوازیج، خەڵکی کلوازی، عەینوتەمر، قادسیە، قەرقیسیاو صەندودیا. وایش دەردەکەوت کە ناوچە فەتحکراوەکان بە زۆر هەمان مامەڵەی ئەو ناوچانەی لەگەڵ کرا کە گرێبەستی ئاشتی لەگەڵ کراوە وەکو ئاسانکاری یەك[4] بۆ دانیشتوانی ئەو ناوچانە. ئەمە سەبارەت بەو سەرانەی سەپێنرابووە سەر ئەو شارو لادێو ناوچە فەتحکراوانەی عێراق لە سەردەمی خیلافەتی ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێبێت) و زۆربەشی دەکەوێتە خۆرئاوای ڕووباری فوراتەوە، بەڵام زانیاری یەکان زۆر کەمن کە سەرچاوەکان هێناویانە دەربارەی سەرانە، ناوچە فەتحکراوەکان جگە لەوەی کە ئەو ناوچانەی لە سەردەمی ئەبوبەکر فەتحکراوە، ڕووبەرەکەی تەسك بووە، بەڵام هەندێ دیاریکردنمان لەبەردەستدایە سەبارەت بە بڕی ئەو سەرانەی سەپێنرابووە سەر مەئابو بوصرا بەم شێوەیە: "ساڵانە لە سەر هەموو باڵغێك دینارێكو بڕێك گەنم".[5] زانیاریشمان لا نی یە دەربارەی ئەو سەرانەی خرابووە سەر لادێکانی ئەراك، تەدمور، حەووارین، قەصەمو عانات، کە صولحیان لەگەڵ موسڵماناندا کرد،[6] لەوانەشە هەروەکو سەرانەی بوصراو مەئاب بن، سەپاندنی سەرانە بە پارە، یان بە شمەك، پێدەچێت ئاسانکاری یەك بێت لەسەر جوتیارەکان، کە لەوانەیە دیناری ئاڵتوونی بیزەنتیان نەبێت کە ئەو سەردەمە مامەڵەی پێدەکرا لە شام، هەروەها لەوانەشە مەبەست لەو کردارە یارمەتیدانی سوپای ئیسلامی بێت بە ئازووقە.

---

١) أبويوسف: الخراج ١١٤ عن أبي اسحق، والطبري: تأريخ ٣: ٣٦٤ عن سيف.

٢) الطبري: تاريخ ٣: ٣٦٩ عن سيف.

٣) الدوري: نظام الضرائب في صدر الاسلام ص٥١.

٤) البلاذري: فتوح البلدان ٣٤٧، والبيهقي: السنن الكبرى ٩: ١٣٤.

٥) البلاذري: فتوح البلدان ١٥٥، والطبري: تاريخ ٣: ٣١٨، وقدامة بن جعفر: الخراج ٢٨٨.

٦) الازدي: فتوح الشام، ٧٧، ٧٨، ٧٩، ٨٠. والطبري: تاريخ ٣: ٤٠٧ عن المدائني، وابويوسف: الخراج ٤٦، عن ابن اسحق.

سەرانە لە خیلافەتی عومەر:

لە سەردەمی عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) عێراقو ئێرانو شامو میصر فەتح کرانو دەسەڵاتی ئیسلام لەسەر هەموو ناوچەکانی عەرەب جێگیرو پتەوبوو، خەڵکانێکی زۆوریش لە دانیشتوانی ئەو ناوچانە هاتنە ناو ئیسلامەوە، خەڵکانێکی تریش هەر لەسەر ئاینەکانی خۆیان مانەوە، وەکو: جوولەکەو گاورو مەجووسەکان، سەرانەشیان دەدایە دەوڵەتی ئیسلامی، بەو پێ یەی لە قورئانو سوننەتدا هاتووە دەربارەی ئەهلی کیتاب،[1] بەڵام سەبارەت بە مەجوسەکان عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف شایەتیدا کە پێغەمبەر (ﷺ) لە مەجووسی هەجەری وەرگرتووە[2] ـ گەورترین شارەکانی بەحرێن لەو ڕۆژگارە ـ عومەریش مامەڵەی لەگەڵ مەجووسەکانی ئێرانو سەواد کرد بەپێی ئەو سوننەتە.[3] هەندێ ریوایەتی لاوازیش هەن باس لەوە دەکەن کە عومەر قبوڵی سەرانەی نەکردووە لە گاورە عەرەبەکان.[4] بەڵام هێندەی ئەو ریوایەتانە بەهێز نین کە وەرگرتنی سەرانە تایبەت بکەن لەسەر هەموو ئەهلی کیتاب بە عەربو عەجەمەوە بەهۆی ئەو ئایەتو فەرمودانە لەوبارەوە.[5] یەکێ لە ئەو ریوایەتە لاوازانەش وازهێنانە لە گاورەکانی ناوچەی تەغلیب لە سەرانە بەرانبەر چەندجارکردنی صەدەقە لەسەریان لەبەر مەترسی ئەوەی نەچنە پاڵ ڕۆمەکان کە لە تەنیشتیانەوە

١) قال تعالى: (قَاتِلُواْ الَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَلاَ بِالْيَوْمِ الآخِرِ وَلاَ يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللّهُ وَرَسُولُهُ وَلاَ يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ حَتَّى يُعْطُواْ الْجِزْيَةَ عَن يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ) (التوبة : ٢٩). لە سوننەتیش پێغەمبەر (ﷺ) ئامۆژگاری سەرکردەی سوپاکەی کردووەو فەرمویەتی: "ئەگەر ڕووبەڕوی دوژمنت بوویتەوە لە بتپەرستەکان بانگیان بکە بۆ سێ خەسڵەت: بانگیان بکە بۆ ئیسلام ئەگەر ڕازی بوون لێیانی قبوڵ بکە و وازیان لێ بهێنە، ئەگەر ئەوەیان ڕەتکردەوە داوای سەرانەیان لێ بکە، ئەگەر ڕازی بوون لێیان وەرگروەو وازیان لێبهێنە، ئەگەر بەوەش ڕازی نەبوون پەنا بە خوا بگرەو جەنگیان لەگەڵ بکە". مسلم: الصحيح ٣: ١٣٥٧، وابوداود: السنن ٣: ٣٧ حديث رقم ٢٦١٢.

٢) البخاري: الصحيح ٢: ٢٠٠، وابوداود: السنن ٣: ١٦٨، والترمذي: السنن ٣: ٧٣.

٣) عبدالرزاق: المصنف ٦: ٦٨، وابن أبي شيبة: المصنف ٦: ٤٣٠، وابن زنجويه: الاموال ١: ١٣٦ باسناد صحيح عمر، واما حديث (سنوا بهم سنة اهل الكتاب) فهو ضعيف، لانقطاعه، (مالك: الموطأ ١: ٢٧٨ وقم ٢، وابن حجر: فتح الباري ٦: ٢٦١).

٤) البيهقي: السنن ٩: ٢١٦ بسند ضعيف.

٥) عبدالسلام محسن آل عيسى: النواحي المالية في خلافة عمر بن الخطاب ـ دراسة نقدية للأسانيد ١: ٥٣.

بوون.[1] شوێنەوارێکی لاوازی دیکەیش هەیە کە عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) سەرانەی قبوڵ کردووە لە گاورەکانی نەجران کە عەرەب بوونە پێش گواستنەوەیان بۆ شامو عێراقو شوێنەکانی تر. گواستنەوەکەشیانی بەوە پاساو دەدرێتەوەو کە ئەوان مامەڵەیان بە سووکردووە بە پێچەوانەی مەرجەکانی صوڵحیان لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ)[2] کردووە.

سیاسەتی عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) لە سەپاندنی سەرانە دادگەریو لێبوردنو چاودێریکردنی حاڵی خەڵکی پێوە دیار بوو، چونکە ژنو منداڵانی نابالغ[3] و پیاوانی پەککەوتووی دەبەخشی لە سەرانە، هەروەها سەرانەی خەڵکی شامی زیاتر کرد لە خەڵکی یەمەن لەبەر دەوڵەمەندی وڵاتی شام لە چاو وڵاتی یەمەن.[4] بەهەمان شێوە سەرانەی عێراقی زیاد کرد لە پاش پرسیار کردن لە بەرپرسەکەی (عوسمانی کوڕی حونەیف) دەربارەی توانای دارایان، لەوەش دڵنیابوو کە زیانیان پێناگات. بە عوسمانی کوڕی حونەیفی وت: "ئایا ئەگەر لەسەر هەموو کەسێك دوو درهەم زیاد بکەینو لەسەر هەموو بەشێك لە زەوی درهەمێك و قەفیزێك (پێوەرە) لە خۆراك، ئایا ئەوە زیانبەخشو ماندووکەر نابێت بۆیان؟ وتی: نەخێر ئیتر هەر کەسێك لە چلو هەشت درهەمەوە کرا بە پەنجا درهەم".[5]

---

١) عبدالرزاق: المصنف ٦: ٥٠، ٩٩، و١٠: ٣٦٧، وابن زنجويه: الاموال ١: ١٣٠، ١٣١، والبيهقي: السنن ٩: ٢١٦ باسناد فيه راوٍ مجهول وآخر مقبول، واما روايات البلاذري عن طريق الكلبي والواقدي وابن ابي سيرة وعبدالملك بن نوفل فتالفة (فتوح ١٨٢، ١٨٧).

٢) ابوداود: السنن ٣: ١٦٧، باسناد ضعيف فيه يونس بن بكير يخطئ، واسباط بن نصر كثير الخطأ ياتي بالغرائب، والسدي يهم، ولا تقويه الروايات الواهية التي نجدها في طبقات ابن سعد: ١: ٢٨٢، ٢٨٧، ٢٨٨، والاموال لابن زنجوية ٢: ٤٤٩، ٤٥١.

٣) عبدالرزاق: المصنف ٦: ٨٥، ٨٦، ٨٧، ٨٨، وابن أبى شيبه: المصنف ٦: ٤٢٨٦، وابن زنجويه: الأموال ١: ١٥١، ١٥٧، ١٥٨، والبيهقى: السنن ٩: ١٩٥، ١٩٦، باسناد صحيح.

٤) ئەمە ڕاڤەکردنی موجاهیدی کوڕی جەبری مەکییە لە ساڵی ٢١ ك لە دایك بووە لە کۆتایی خیلافەتی عومەر ((ڕەزای خوای لێبێت)) (إبن حجر: تقريب التهذيب ٢: ٢٢٩ والاثر في صحيح البخاري معلقاً ٢: ٢٠٠، وعبدالرزاق: المصنف ٦: ٨٧، ٨٨، وانظر ارواء الغليل للالباني ٥: ١٠١).

٥) إبن أبي شيبة: المصنف٦: ٤٣٦، وابن زنجوية: الموال ١: ١٦٠، ٢١٦، ٢١٧، والبيهقي: السنن ٩: ١٩٦ باسناد صحيح.

عومەر (رەزای خوای لێبێت) بەجێبەجێکردنی سیاسەتێکی دادگەرانە لێنەگەڕا، بەڵکو راسپاردەی بۆ خەلیفەی دوای خۆی کردووە چاکە بکات لەگەڵ ئەهلی زیمەو پەیمانەکانیان لەگەڵ بەسەرابەرێت، جەنگیش لەگەڵ ئەوانەی دوای ئەوان بکاتو داوای شتێکیان لێنەکات لە سەرووی توانایانەوە.[1]

ژمارەی ئەو کەسانەی کە سەرانەیان دەدا، ناویان لای عوسمانی کوڕی حونەیف تۆمار کرابوو پێنج سەدو پەنجا هەزار کەس بوون (٥٥٠٠٠٠)، بۆیە پێدەچێت کە ژمارەی رەشەخاك (السواد) لەو سەردەمە گەیشتبێتە پێنج ملیۆن کەس.[2]

وێڕای هەموو ئەمانەش، هەندێ دەستدرێژی دەکرایە سەر ئەهلی زیمە لە چەند شارێك لە سەردەمی عومەر (رەزای خوای لێبێت) بەبێ ئاگاداری ئەو، بۆ نموونە: بەرپرسی فەلەستینی، عومەیری کوڕی سەعدی ئەنصاری ناسراو بە دونیانەویستن خەڵکێکی لە نەبتیەکان راگرت لە ژێر تیشکی خۆر، چونکە سەرانەکەیان نەدەدا، ئەوکاتە هیشامی کوڕی حەکیم کە هاوەڵ بوو فەرموودەیەکی پێغەمبەر (ﷺ)ی هێناوەیە یادی کە دەفەرموێت: "ان الذي يعذب الناس في الدنيا يعذبه الله في الآخرة" واتە ئەو کەسەی کە خەڵکی لە دونیا سزا دەدات خوای گەورە لە رۆژی دوایدا سزای دەدات، ئیتر وازی لێهێنان،[3]

ئینجا عومەر (رەزای خوای لێبێت) سەرانەی دەخستە سەر کۆیلەش، ئبنو قودامەی مەقدیسی بەوە پاساوی بۆ هێناوەتەوە بۆ ئەو مەسەلە کە "کۆیلەی نێرینە کەسێکی موکەللەفەو بەهێزەو توانای پارە بەدەستهێنانی هەیە، بۆیە سەرانەی لەسەر واجبە" یەکێ لەو شتانەیش ئاماژە دەکات بۆ بوچوونەکەی عومەر، ئەوەیە کە وتوویەتی: کۆیلەی ئەهلی زیمە مەکڕن، چونکە ئەوان داهاتیان هەیە، کەسیش لە ئێوە بەسەرشۆڕی رازی نەبێت دوای ئەوەی خوای گەورە قوتاری کرد".[4]

---

١) البخاري: الصحيح ٢: ١٧٨، ٢٩٧- ٢٩٨، وعبدالرزاق: المصنف ١١: ١٠٩، والبيهقي: السنن ٩: ٢٠٦.

٢) البلاذري: فتوح البلدان ٣٣٢، لەو حاڵەتەو لەسەر ئەو ئەو بۆچوونە ژمارەی ئافرەتان نزیکەی یەك ملیۆن و منالان دەوری سێ ملیۆنو نیو بە ناوەندی شەش منالٚ بۆ هەر خێزانێك.

٣) مسلم: الصحيح (مع النووى) ١٦: ١٦٧، ١٦٨.

٤) عبدالرزاق: المصنف ٦: ٤٥، ٤٧، و ١٠: ٣٣٠، ٣٣٧، وابن زنجويه: الاموال ١: ٢٣٣، ٢٣٤، والبيهقي: السنن ٩: ١٤٠، وتتضافر أسانيد الخبر الضعيفة لتبلغ به درجة الحسن لغيره، وانظر ابن قدامة: المغني ١٠: ٥٩٧.

بە موسڵمان بوونی هەر کەسێك سەرانەی لەسەر دەکەوت،[1] هەروەها لە کاتی نەتوانینیش، چونکە داوای شتێك ناکرێت لە توانادا نەبێت، ئەوەش تێبینی دەکرێت کە ئەو کەسەی سەرانە دەدات زەکات نادات، چونکە زەکات فەرزێکی ئاینی یە، دەرکردنیشی واتای خواپەرستی تیادایە، وێڕای ئەوەی کە ئەرکەکەی کۆمەڵایەتی یە.

ئینجا ئەو کەسەی سەرانە دەدا بەشدار نابێت لە سوپای ئیسلامی، چونکە ئامانجی سوپای ئیسلامی جیهادە کە فەرزێکی ئاینی یە بۆ بەرزڕاگرتنی قسەی خوای گەورە، ئەوەش لەسەر کەسێك نی یە موسڵمان نەبێت، سەرەڕای ئەوەی کە سوودی ئەو پاراستنەی سوپاکە پێشکەشی دەکات کورت نەکراوەتە سەر موسڵمانان، بەڵکو هەموو دانیشتوانی دەوڵەت دەگرێتەوە، هەروەها دەستکەوتەکانی فەتحکردن بەسوود دەگەڕێتەوە بۆ هەموان بەهۆی ئەو بازاڕە تازانەی دەکرێنەوە، دەستکەوتەکانیشی بۆ دەوڵەت خەرجی یەکانی زیاد دەکات لەسەر خزمەتگوزاریە هەمەجۆرەکان وەکو: بیناسازی و دروستکردنی بازاڕو چاککردنی ڕێگاوبان..

بڕی سەرانەیش جیاواز بوو لە نێو شارە فەتحکراوەکان بەپێی دەوڵەمەندی، ئەوەیش ئەوە دەگەیەنێ عومەر هەڵدەسا بەرەچاوکردنی بنەمای داوانەکردنی شتێك لە توانایاندا نەبێت، بۆ نموونە: سەرانەیەکی ساڵانەی خستە سەر خەڵکی سەواد ـ باشووری عێراق ـ کە بریتی بوو لە (٤٨) درهەمی زیوی (بەرانبەر چوار دیناری ئاڵتوونی) لەسەر دەوڵەمەند، (٢٤) درهەمیش لەسەر ئەوانەی حاڵیان مام ناوەندی بوو، (١٢) درهەمیش لەسەر هەژار،[2] دواتریش دوو درهەمی زیاد کردە سەر دەوڵەمەندەکان ئیتر سەرانەی ئەوان بوو بە (٥٠) درهەم،[3] بێجگە لە ئەندازەیەك گەنمو

١) بێگومان موسڵمان بوون سەرانە لادەبات لەسەر خاوەنەکەی، هەندێ ریوایەتی لاوازیشمان پێگەیشتووە دەربارەی لابردنی عومەر بۆ سەرانە لەسەر ئەو کەسەی موسڵمان دەبێت، بە کۆی ڕێگەکانیشەوە ئەو بنەمایە دەسەلمێنن (أبو عبيد: الاموال ٥٢، وابن زنجويه: الاموال ١: ١٧٣ـ وعبدالرزاق: المصنف ٦: ٩٤، و١٠: ٣٣٦، وابن أبي شيبة: المصنف٤: ٤٠٥، و٦: ٤٦٣، ٤٦٤، هەمووشیان بەسەنەدی لاواز پێمان گەیشتوون، بەڵام بەسەریەکەوە بەرز دەبنەوە بۆ پلەی (حسن).

٢) أبوعبيد: الأموال ٤٤، ٤٥، ٤٦، باسناد فيه تدليس السبيعي. وابن زنجويه: الموال ١: ١٥٩ـ ١٦٠، ١٩٥ باسناد فيه مندل بن علي وهو ضعيف. وابن سعد: الطبقات ٣: ٢٨٠، ٢٨٢، ويترجح عندي انه روى عن شيخه عارم بن الفضل السدوسي قبل اختلاط الاخير، فروايته عنه في كتاب الطبقات واسعة ولعلها من كتاب صنفه عارم. وتتضافر الاسانيد الثلاثة لترقي بالخبر الى درجة الحسن. وشهود العيان ثلاثة هم: المغيرة بن شعبة ـ صحابي ـ وحارثة المضرب وابو نضرة العبدي ـ تابعيان يرويان عن عمر ـ .

٣) ابن زنجوية: الاموال ١: ١٦٠ـ ٢١٦، واسناده صحيح، وشاهد العيان هو عمرو بن ميمون.

سێ رۆژ میوانداریێتی موسڵمانان، خواردنیان پێبدەن لەوەی خۆیان دەیخۆن لەو شتانەی خواردنی بۆ موسڵمانان حەڵاڵە[1]، هەروەها لە ریوایەتی راست هاتووە کە میوانداریێتی مەرجکراو لەسەریان شەورۆژێکە، هەرکەسێکیش بە هۆی نەخۆشی یان باران لە جێگەیەك مایەوە، لە پارەی خۆی خەرج دەکات.[2] جێگیریش نەبووە کە مەرجکراوەتە سەر ناوچە فەتحکراوەکان پردەکان چاککەنەوە.[3] هەندی ریوایەتیش ئاماژە بەوە دەکەن کە نیانیی دەربڕاوە لە وەرگرتنی سەرانە لە کەسەکان، جاری وابوو لە وشتر وەردەگیرا،[4] بەڵام عومەر (رەزای خوای لێبێت) مەیو بەرازی وەرنەدەگرت وەکو سەرانەو فەرمانی بە بەرپرسەکانی دەکرد کە خاوەنەکانیان بکەن بە بریکاری فرۆشتنی بە هاوئاینەکانیان‌و پارەی وەرگرن.[5]

سەبارەت بە شارەکانی دوورگەوی فورات (رەققە، رەها، حەڕان، سومەیسات، موزەن‌و قەرقیسیا) سەرانەی هەموو پیاوێکی بریتی بوو لە چوار دیناری ئاڵتوونی‌و کەمێك گەنم‌و چوار بەش زەیت‌و کەمێك رۆن‌و هەنگوین.[6] (ئەم شتومەکانەیش یەکسانە بە نزیکەی یەك کیلۆگرام ـ ١,٠٨٨ گرام ـ گەنم‌و دوو کیلۆگرام زەیت‌و رۆنەکەش وا دیارە لە کیلۆیەك کەمتر بووە).

---

١) مالك: الموطأ ١: ٢٦٤، وعبدالرزاق: المصنف ٦: ٨٥، ٨٦، ٨٨، وابن أبي شيبة: المصنف ٦: ٤٢٩، وابن زنجويه: الاموال ١: ١٥٦، ٣٣١، والبلاذري: فتوح البلدان ١٣١، والبيهقي: السنن ٩: ١٩٥، ١٩٦، وهو أثر صحيح. واما ماورد عن عبدالرزاق: المصنف ٦: ٨٦ "خمسة عشر قفيزاً" بدل "خمسة عشرا صاعاً" فهو شاذ مخالف لروايات الثقاة.

تێبینی: قەفیز یەکسانە بە (١٢,٠٣٣) صاع، کە ناشکرێت ئەم ریوایەتە لەگەڵ ئەو ریوایەتەکەی تر یەك بخرێن و سەرانە دەکاتە شتیکی گرانبەهای (عەینی) لە کاتێکدا کە پاشکۆی سەرانەی نەقدییە.

٤) إبن أبي شيبة: المصنف ٦: ٥١٩، وابن زنجويه: الاموال ١: ٣٠٧ وعرف (الرجل) في الاسناد بانه صحابي (١: ٣٧٢) والبيهقي: السنن ٩: ١٩٦، والاثر صحيح لان الاعمش صرح بالسماع، والمبهم صحابي لا تضر جهالته.

٢) أبو عبيد: الاموال ١٦٠، والبيهقي: السنن ٩: ١٩٦، باسناد ضعيف فيه عنعنة قتادة السدوسي وهو مدلس، وقد انفرد بهذه الزيادة.

٣) مالك: الموطأ برواية الشيباني ١١٧، وابن زنجويه: الاموال ١: ١٦٨، ٢: ٦٢، والاثر حسن، واحمد: الزهد ١٤٥، والبيهقي: السنن ٧: ٣٥ والاثر صحيح.

٤) أبوعبيد: الاموال ٥٤، ٥٥، وابن زنجويه: الاموال ١: ٧٩، ٢٧١، والاثر صحيح.

٥) ابن زنجويه: الاموال ١: ١٥٧، ١٥٨، باسناد صحيح، والبلاذري: فتوح البلدان ١٣١، ١٥٧، باسناد حسن لكنه يذكر "ثلاثة أقساط زيت".

بەڵام خەڵکی شام سەرانەشیان هەروەکو ئەم دوورگەیە لەسەر سەپێنرا، بێجگە لە میوانداری سێ ڕۆژ بۆ موسڵمانان کە لەو خۆراکەی خۆیانیان پێبدەن کە حەڵاڵە بۆ موسڵمانان، جا کاتێك عومەر سەردانی شامی کرد، سکالایان کرد کە ئەوان داوای مریشكو مەڕیان لێدەکەن، عومەر فەرمووی: جگە لەوەی خۆتان ئەیخۆن هیچی تریان پێمەدەن، لەو شتانەی کە ڕەوایە بیخۆن،[١] هەروەها جلو بەرگیشیان خرا بوویە سەر، کە عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) دابەشی دەکردە سەر خەڵکیدا،[٢] سەرچاوەکانیش ژمارەیان دەستنیشان نەکردووە واشدەردەکەوێت کە سەپێنرابووە سەر شامو میصر لەبەر زۆری شتی چنراو لەو دوو وڵاتە.

یەمەنیش هەر لە سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) هاتنە ئیسلامەوە، بڕی سەرانەش لەسەر هەموو پیاوێك دینارێكو یان بەرانبەری جلی مەعافر[٣] هەندی ریوایەتی لاوازیش هەیە ئاماژە دەکات کە سەرانە لەسەر خەڵکی یەمەن هەروەکو خۆی ماوەتەوە لەسەردەمی عومەر[٤] بێ گۆڕانکاری، بەڵام سەرەڕای لاوازی ریوایەتەکان دەگونجێت لەگەڵ سیاسەتی عومەر لە چاودێریکردنی حاڵی خەڵکی، و نەگۆڕینی کارەکانی پێغەمبەر (ﷺ).

---

١) مالك: الموطأ ١: ١٦٤، وعبدالرزاق: المصنف ٦: ٨٥- ٨٨، و ١٠: ٣٢٨، ٣٢٩، ٣٣١، وابن زنجويه: الاموال ١: ١٥٦، ١٥٧، ١٥٨، ٣٦٨، والبلاذري: فتوح البلدان ٩، ١٩٥، ١٩٦.

٢) عبدالرزاق: المصنف ٦: ٨٨و ١٠: ٣٢٩، وابن ابي شيبة: المصنف ٦: ٤٢٩، وابن زنجويه: الاموال ١: ١٥٧، ١٥٨، والبلاذري: فتوح البلدان ١٣١، والبيهقي: السنن ٩: ١٩٥، ١٩٦.

٣) بەهێزترین ریوایەت هاتبێت دەربارەی سەرانەی گاورەکانی یەمەن فەرموودەکەی موعازی کوڕی جەبەلە دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) منی نارد بۆ یەمەنو فەرمانی پێکردم وەربگرم لە هەمو و... لە هەمو باڵغێکیش دینارێك یان بەرانبەری جلی مەعافر" (أخرجه النسائي ٥: ١٧، والدارمي ١: ٣٢٠، والبيهقي ٩: ١٩٣) وعن الاعمش وغيره عن أبي وائل شقيق بن سلمة (انظر الاموال ١: ١٢٦) والحديث حسنه الترمذي، وصححه الحاكم والذهبي على شرطهما وصححه ابن عبدالبر وابن حزم، وصححه أحمد شاكر في تعليقه على الخراج ليحى بن آدم ١١٢، وله شواهد منها: حديث عمرو بن شعيب عن أبيه عن جده وفي اسناده مثنى ين الصباح ضعيف اختلط بآخره: "پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ ئەهلی یەمەنی نووسی هەموو باڵغێکی ئەهلی کیتاب دینارێك وەربگرێت". ويوجد مرسلان عن الحسن وعروة يقويان بعضهما بعضاً وبالشواهد ونصهما: "على قل حالم من ذكر أو انثى حرا او عبد دينار او قيمته من المعافر في كل عام" ووجه الشاهد على حالم ذكر.. واما بقية الكلام عن الانثى والعبد فلا (الاموال١: ١٢٨) ويوجد مرسل الحكم باسناد اليه صحيح نصه: وفي الحالم والحالمة دينار او عدله من المعافر". (الاموال١: ١٢٩) لە هەموو ئەمانەی سەرەوە دەردەکەوێت کە سەرانە لەسەر باڵغی نێرینە یەك دینار بوو یان بەرانبەری جلو بەرگی جۆری مەعافیر. والله أعلم. والمعافر: هي من همدان ننسب إليها الثياب المعافرية.

٤) عبدالرزاق: المصنف ٦: ٨٩ باسناد ضعيف.

بڕەکانی سەرانە لەسەر خەڵکی میسر هەروەکو شام بو، لەگەڵ بڕێکی کەم لە گەنمو لە ئەو زیاتر، باسی ئەوەیش نەهاتووە کە رۆنیان دەدا، لەوەشە لە بری ئەو بڕە رۆنە لەوێ گەنمەکە وەرگیرابێت.[١]

ریوایەتێکی لاوازیش هەیە باسی ئەوە دەکات کە ژمارەی ئەوانەی سەرانەیان دەدا لە میصر گەیشتە شەش ملیۆن کەس، دوانزە ملیۆن دیناری ساڵانەیان دەدایە دەوڵەتی ئیسلامی هەموو ساڵێك، ئەمەیش ناکۆکە لەگەڵ ئەوەی جێگیر بووە کە هەر پیاوێك ساڵانە چوار دینار سەرانەی دەدا.[٢]

هیچ ریوایەتێکیش نەهاتووە راست بێت دەربارەی سەرانەی خەڵکی بوورقە (لە لیبیا)و زوەیلە (لە سنووری سودان) بۆیە پێدەچێت هەروەکو میصر مامەڵە کرابێت.

ریوایەتێکی لاوازیش هەیە باسی ئەوە دەکات کە عەمری کوڕی عاص صوڵحی لەگەڵ خەڵکی بورقە کردووە لەسەر ساڵانەی سیانزە هەزار دیناری ئاڵتون.[٣]

هەروەها ریوایەتی راستمان پێنەگەیشتووە دەربارەی بڕی سەرانەی سەپێنراو بەسەر شارەکانی ئێراندا، بەڵام چەندین ریوایەتی لاواز هەیە ئەوە دەسەلمێنن کە کار بە بنەمای بەزەی لەگەڵ خەڵکیدا کراوە لەسەرووی توانی خۆیانەوە داوای هیچیان لێنەکراوە.[٤]

هەندێکیشیان باسیان کردووە کە سەرانەی ئازەربایجان گەیشتووەتە هەشت سەد هەزار دینارو ئەهواز دوو ملیۆنو هەشت سەدو نەوەد هەزار درهەم (٢٨٩٠٠٠٠).[٥]

---

١) عبدالرزاق: المصنف ٦: ٨٥، ٨٦، ٨٨، و ١٠: ٣٢٨، ٣٢٩، ٣٣١، وابن ابي شيبة: المصنف ٦: ٤٢٩، وابن زنجويه: الاموال ١: ١٥٧، والبلاذري: فتوح البلدان ١٣١، والبيهقي: السنن ٩: ١٩٥، ١٩٦، والاثر صحيح، ولاحظ ان الارد ب يساوي ٣٠,٤٦ كيلوغراماً.

٢) ابن عبدالحكم: فتح مصر ٦٤ـ ٧٠، باسناد واه فيه خالد بن نجيح المصري كذاب وفيه رواة مجاهيل.

٣) خليفة: التاريخ ١٤٤، وابن عبدالحكم: فتوح مصر ١٧٠، والبلاذري: فتوح البلدان ٢٢٥، ٢٢٦، تێبینی دەکرێت کە ئەم ریوایەتە لاوازە دەگێڕێتەوە کە ئەوان سەرپشك کراون لەنێو کوڕەکانیان کامیان بفرۆشن لەبەر دابینکردنی سەرانەکەیان ئەمەیش بە پێچەوانەی بنچینەی عومەرییە کە کەس ماندوو نەکرێت لەسەرانەکەی، بەڵکو لەسەریان لادەچوو لە حاڵەتی نەتوانینیاندا، ئیتر چۆن زۆریان لێدەکرێت مناڵەکانیان بفرۆشن؟!

٤) خليفة: التاريخ ١٣٤، والبلاذري: فتوح البلدان ٣٠٣ـ ٣٠٦، ٣٢٣، والطبري: تاريخ ٢: ٥٢٠، ٥٣٠، ٥٣٢، ٥٣٧، ٥٣٨، ٥٣٩، ٥٤٣، ٥٤٤، عن طريق سيف بن عمر وهو اخباري كبير وهاه المحدثون في رواية الحديث واعترف أهل الاستقراء من متأخرين يهم كالذهبي بمكانته في علم التاريخ.

٥) خليفة: التاريخ ١٣٤، والبلاذري: فتوح البلدان ٣٢٣.

بە وردیش ئاگامان نی یە لەو بڕە پارەیەی سەرانە کە دەهاتە خەزێنەی موسڵمانانەوە لەسەردەمی عومەر (ڕەزای خوای لێبێت)، بەڵام زانای شەرعناس ئەبویوسف وتوویەتی: تەنها دەستکەوتەکانی سەواد لەسەرانەو باج لە سەردەمی عومەر دەگەیشتە سەد هەزار درهەم (١٠٠,٠٠٠,٠٠٠)،[١] ئەمە لە کاتێکدا کە یەعقوبی‌و ـ ماوەردیش بە دوایدا ـ وتوویانە گەیشتووەتە سەدو بیست هەزار هەزار درهەم (١٢٠,٠٠٠,٠٠٠)ـ ئیبنو خردازبەیش وتوویەتی گەیشتووەتە سەدوبیست و هەشت هەزار هەزار درهەم (١٢٨,٠٠٠,٠٠٠) جا لەوانەیە ئەم ژمارانە باس لە چەند ساڵێکی جیا جیا بکەن کە داهاتەکان زیادو کەم دەکەن بە پێی وەرزی کشتوکاڵ، کە کاریگەریی بارانی لەسەرە، هەروەها بە جۆرەکانی ئاودێری و دواتر بە ڕاستیی سیستمەکانی کۆکردنەوە.
دیاردەیەکیش هەیە لە کۆتای خیلافەتی عومەر سەری هەڵدا ئەویش دیاریکردنی بڕێکی دیاریکراوە لە پارە لەسەر هەندێ لە ناوچە فەتحکراوەکان کە بە هاوکاری خەڵکی هەرێم یان شارەکە دەدراو دەسەڵاتی ناوخۆی کۆی دەکردەوە کە سەرانەو باجی دەگرتەوە، بۆ نموونە: صولح لەگەڵ هەمەدان کرا لەسەر ئەوەی کە باجی زەوی یەکانیان و سەرانەی پیاوەکان سەد هەزار درهەم بێت، بە هەمان صولح لەگەڵ ناوچەی ڕەی و قۆمەس کرا لەسەر پێنج سەد هەزار درهەم لەسەرانەو باجەکیانیان بدەن، هەروەها صولح لەگەڵ ئازەربایجان کرا لەسەر هەشت هەزار درهەم.[٢]

سەرانە لە سەردەمی عوسمان (ڕەزای خوای لێبێت):

ریوایەتمان لەبەردەستدا نی یە داهاتەکانی سەرانە ڕوون بکاتەوە لەسەردەمی عوسمان (ڕەزای خوای لێبێت) کە دەگەیشتە (بیت المال) وا دەردەکەوێت کە سیاسەتی عومەر هەر بەردەوام بوو بێ گۆڕانکاری سەبارەت بە ناوچە فەتحکراوەکان لەوانەش دیاردەی دیاریکردنی بڕێك پارە کە ناوچە فەتحکراوەکە بە هاوکاری لە نێوان خەڵکەکەی دەیاندا، دەسەڵاتی ناوخۆیش دەیاندایە دەوڵەتی ئیسلامی، ئەم حاڵەتە بە (ولاية العهد) دەناسرا، بۆ نمونە عەبدوڵڵای کوڕی سەعدی کوڕی ئەبی

١) البلاذري: فتوح البلدان ٣٠٦، ٣١٤، ٣١٥، ٣٢١، ٣٢٣.
٢) سەرچاوەی پێشوو ٣٩٠.

سەرح صوڵحی ئەنجامدا لەگەڵ (تونس) لە ڕێگەی ئەفریقاوە لەسەر دوو ملیۆن‌و پێنج سەد هەزار درهەم (٢٥٠٠٠٠٠).[١]

بەهەمان شێوە وەلیدی کوڕی عوقبە صوڵحی کرد لەگەڵ خەڵکی ئازەربایجان لەسەر هەشت سەد هەزار درهەم (٨٠٠,٠٠٠)، هەروەها لەگەڵ زۆربەی شارەکانی ئێران‌و خۆراسان لەسەر چەند بڕێکی دیارکراو لە پارەکە ئەو ناوچانە بە هاوکاری نێوان خۆیان دەیاندا و باج‌و سەرانەشی دەگرتەوە، ئەگەر ژمارەکانیش کۆبکەینەوە داهاتی دەوڵەتی ئیسلامی لە سەرانەو باج لە (٢٢٠,٠٠٠,٠٠٠) درهەم تێدەپەڕێنێت بەم شێوازی دابەشکردنەی لای خوارەوە:

عێراق: ١٠٠,٠٠٠,٠٠٠ درهەم.

شام: سەرژمێری یەك نی یە، بەڵام دەکرێت وەکو میصر دابنرێت.

میصر: ٤٨,٠٠٠,٠٠٠ درهەم.

ئەفریقا (تونس): ٣٠,٠٠٠,٠٠٠ درهەم.

بورقە: ١٣,٠٠٠ درهەم.

ئێران: ٢٠,٧٠٠,٠٠٠ درهەم.[٢]

هەروەها تێبینی دەکرێت کە زیادەیەکی گەورە دروست بووە لە داهاتەکانی میصر لە سەرانەو باج لەسەردەمی عوسمان (ڕەزای خوای لێبێت) داهاتەکان لە سەردەمی عومەر دوو ملیۆن دینار بوو (١٢,٠٠٠,٠٠٠) درهەم، بەڵام لە سەردەمی عوسمان‌و فەرمانڕەوای عەبدوڵڵای کوڕی ئەبو سەرح بەرزبووەوە بۆ (١٤,٠٠٠,٠٠٠) درهەم.[٣]

---

١) البلاذري: فتوح البلدان ٢٢٨ـ ٢٢٩، واليعقوبي: تاريخ ٢: ١٦٥، والطبري: تاريخ ٤: ٢٥٦، بزيادة ٢٠٠٠٠ دينار على المبلغ.

٢) دەکرێت پێداچوونەوەی ژمارەکان بکرێت بەشیکراوەیی لە کتێبی (فتوح البلدان) ٣٢١ـ ٣٢٣، ٣٣٠ـ ٣٧٢ـ ٣٨٦ـ ٣٩٤، ٣٩٥، ٣٩٦، ٣٩٧، ٣٩٨، وخليفة بن خياط: التاريخ ١٥٨، ١٥٩، ١٦٤ـ ١٦٥ وياقوت: معجم البلدان مادة (نيسابور).

٣) البلاذري: فتوح البلدان ٢٢٠، واما ما ذكره ابن عبدالحكم: فتوح مصر والمغرب ٢١٥ـ ٢١٦ وادایارە ئەو ژمارانە تێکدراون، چونکە ئاماژە دەکەن بۆ چەند بڕێکی یەکجار زۆر لە داهات (١٢٠٠٠٠٠٠) دینار لەسەردەمی عومەرو (١٤٠٠٠٠٠٠) دینار لەسەردەمی عوسمان، هەروەها بڕوانە لیکۆڵینەوەی (ضياء الدين الريس) بۆ بڕەکانی داهات (الخراج والنظم الاسلامية ١٤٩).

پێدەچێت ئەو زیادە بەرچاوەی ڕوویداوە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەندێ شارو لادی تازە هاتنە ژێر فەرمانڕەوای ئیبنو ئەبی سەرحەوە لە لایەکەوەو لە لایەکی تریشەوە دەگەڕێتەوە بۆ گەشەکردنی دانیشتوانو چاکسازی کشتوکاڵو بەرقەرابوونی ئاسایش، ئەوانەشە بوونە هۆی پەرەسەندنی ئابوریو بەرزبوونەوەی داهاتەکان.

سەرانە لەسەردەمی عەلی (ڕەزای خوای لێبێت):

گۆڕانکاری نەهات بەسەر بڕی سەرانە لە خیلافەتی عەلی (ڕەزای خوای لێبێت)،[١] فتوحاتیش بەرفراوان نەبویەوە بەهۆی سەرقاڵبوون بەبشێوەنەی ناوخۆی لە نێو خودی موسڵماناندا، بەڵکو هەندێ ناوچە فەتحکراوەکان ڕاپەڕینیان کرد، ئینجا تێبینی دەکرێت کە ئیسلام بە خێرای بڵاودەبووەوە لە ئازەربایجان کاتێك فەرمانڕەواکەی (ئەشعەس) چوو بۆ ئەوێ بە فەرمانی عەلی (ڕەزای خوای لێبێت)،[٢] ئەوەش دابەزینی ڕێژەی داهاتی سەرانە دەگەیەنێت، هەروەها ئاماژەیەك هەیە بۆ متمانەکردن بە سەرگەورەکانیان بۆ وەرگرتنی سەرانە لە هەرێمی خۆراسانو سپاردنی بە موسڵمانان لە ڕێگەی ئەوانەوە، ئینجا ئەو سەرگەورانە ڕووبەڕووی چەند بزووتنەوەیەکی یاخیبوون دەبوونەوە سەرەرای یارمەتیدانی دەوڵەتی ئیسلامی بۆ ئەوان، ئەم دەرئەنجامەیش دابەزینی داهاتەکانی سەرانە دەگەیەنێت.[٣]

---

١) البلاذري: فتوح البلدان ٣٣٣.

٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو ٤٠٤.

٣) سەرچاوەی پێشوو ٥٠٥.

باسی دووەم:
بـــاج

لەپاش فەتحی قادسیە (١٥ك) و جەلەولا (١٦ ك) فەتحی عێراق لە ڕێگەی هێزەوە بە ئەنجام گەیشت، خەڵکەکەش چەندین جار ڕاپەڕینیان دەکرد، هەربۆیە پەیمانەکانی فەتحو مەرجەکانی صولْح چەندەها جار گۆڕان، بەهێز فەتح کردنی خاکێك ئەوەی بە دواوەوە بوو کە زەوی یەکانی لە خەڵکەکە وەردەگیراو دابەش دەکرا، دەوڵەت پێنج یەکی دەبرد، چواربەشەکەی تریشی بۆ جەنگاوەرەکان بوو، ئەگەر ئەوە بکرابا هەر جەنگاوەرێك رووبەرێکی فراوانی بەردەکەوت لە زەوی کشتوکاڵی چاك، هەروەها سێ کەس لە جوتیارەکانی سەواد.[١]

بەڵام دابەشکردنی زەویو جوتیار بە ئەنجام نەگەیشت، بەڵکو عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) هاوەڵەکانی کۆکردەوە (ڕەزای خوایان لێبێت) بۆ قسەکردن دەربارەی چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ناوچەی سەواد لە باشوری عێراق، عومەر دیدی خۆی بۆ هاوەڵان ڕوونکردەوە، چونکە لە بنچینەوە دەبێت ناوچە فەتحکراوەکان دابەش بکرێن، جێگریشە کە خۆی وتوویەتی: "ئەگەر لەبەر موسڵمانانی دوای خۆمان نەبوایە، هەر لادیەك فەتحکرابا دابەشم دەکرد، وەکو چۆن پێغەمبەر (ﷺ) خەیبەری دابەش کرد".[٢]

چاودێریکردنی مافی نەوەکانی داهاتوو هەڵهێنجان بوو لەلایەن عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز کە خوێندی یەوە بۆ ئامادەبووان: (ما أَفَاء اللَّهُ عَلَى رَسُولِهِ مِنْ أَهْلِ الْقُرَى فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ كَيْ لَا يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ الْأَغْنِيَاء مِنكُمْ وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ) (الحشر : ٧). (لِلْفُقَرَاء الْمُهَاجِرِينَ الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِن دِيارِهِمْ وَأَمْوَالِهِمْ يَبْتَغُونَ فَضْلاً مِّنَ اللَّهِ وَرِضْوَاناً وَيَنصُرُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُوْلَئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ) (الحشر : ٨). جا وەکو بە دواداچوون بۆ ئەم ئایەتە فەرموی: وەڵلاهی تەنها بۆ ئەوانە نی یە.

١) ابن أبي شيبة: المصنف ٦: ٤٦٦، والخطيب البغدادي: تأريخ بغداد ١: ٨ وسند الخبر ضعيف فيه تدليش السبيعي واختلاطه باخرة، ولكن القدر المذكور من الرواية تأريخي صرف لا علاقة له بعقيدة وبشريعة.
٢) البخاري: الصحيح ٣: ٤٨.

(وَالَّذِينَ تَبَوَّؤُوا الدَّارَ وَالْإِيمَانَ مِن قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِّمَّا أُوتُوا وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ) (الحشر:٩). (وَالَّذِينَ جَاؤُوا مِن بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالْإِيمَانِ وَلَا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلّاً لِّلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ رَؤُوفٌ رَّحِيمٌ) (الحشر: ١٠)[١] بە دوای ئەم ئایەتانەشدا وتی: "سوێند بە خوا هەموو موسڵمانێك مافی هەیە لەم دەستكەوتانە، ئیتر پێ بدرێت یان لێ بگیرێتەوە، تەنانەت شوانێكیش لە عەدەن".[٢] لە كۆتایشدا ئەم بۆچوونە زاڵبوویە سەر كۆبوونەوەكە.[٣] بەم شێوەش فاتحەكان داوایان كرد لە دۆڕاوەكان لەناو زەوییەكانی خۆیان بمێننەوە، بەڵام بە مەرجێك باجەكەی بدەن، یەكێك لە سودەكانی ئەم بەجێهێنانەیش ئەوەبوو كە فاتحەكان نەبنە جوتیارو هێزە جەنگی یەكانیان لاواز بێت ـ لە كاتێكدا ئەوان رووبەڕووی فارسەكان لە رۆژهەڵاتو بیزەنتی یەكان لە رۆژئاوا دەبوونەوە ـ هەروەها جوتیارەكان بەسران بە زەوی یەكانیانەوە و لایەنگیریان بەدەست هێنرا، یارمەتیشی دا بۆ بەردەوامی گەشەكردنی كشوكاڵ لە سەواد، چونكە جەنگاوەرەكان توانای ئەوەیان نەبوو كە سوود لەو زەویانە وەربگرن لەبەر كەمی شارەزای لە كشتوكاڵ.. ئەمە جگە لەوەی كە سەرچاوەیەكی باش دەستەبەر كرا بۆ (بيت المال) بەتایبەت كە ئەو زەویانەی شامو میصر كە فەتحكرا بوون بە هەمان شێوە مامەڵەی باجیان لەگەڵ كردن، ئەم سەرچاوەیەش توانای بەخشی بە دەوڵەت سوپاگەورەكانی ئامادە بكات و هەڵسێت بە چاكسازی

١) الحشر ٧ـ ١٠.

٢) عبدالرزاق: المصنف ٤: ١٥١، ١٥٢، و ١١: ١٠١، ١٠٢، وابن أبي شيبة: المصنف ٦: ٤٧١ (ط: كمال يوسف) وابن زنجويه: الاموال ١: ١٠٨، ١٠٩و ٢: ٤٨٠. والبيهقي: السنن ٦: ٣٥١، ٣٥٢، والاثر صحيح.

٣) هەندێ ریوایەتی لاواز هەیە ئاماژە دەكات بۆ ئارەزووی هەندێ لە هاوەڵان لەسەر دابەشكردنی باشوری عێراق (سواد)، چونكە بە زۆر فەتحكراوە، بەڵام عومەر لە ئەم ریوایەتە بە راشكاوی ویستوویەتی مافی نەوەكانی داهاتوو بپارێزێت (إبن أبي شيبة: المصنف٦: ٤٦٦، وسعيد بن منصور ٢: ٢٢٧، وابن زنجويه: الاموال ١: ١٩١، ١٩٤، والخطيب: تاريخ بغداد ١: ٧، ٨، ٩ والبيهقي: السنن ٩: ١٣٤، ئەم هەواڵە لاوازانەش بەسەریەكەوە پاساو هێنانەوەكەی عومەر بەهێز دەكەن بۆ ئەو بەجێهێنانەی لە خاكی سەواد ئەنجامیدا، كە دەگونجێ لەگەڵ هەڵهێنجانەكەی لە قورئان، هەروەها هەندێ ریوایەتی لاوازی تر هەیە كە بەسەریەكەوە ئەوە جێگیردەكات كە بەرهەڵستكاریی لاواز بووە بۆ كردارەكەی عومەر لە دابەشنەكردنی زەوی یەكانی شامو میصر (أبو عبيد: الأموال ٦٣، واحمد: فضائل الصحابة ١: ٢٨٩، وابن زنجويه: الاموال ١: ١٩١، والبيهقي: السنن ٦: ٣١٨، و٩: ١٣٨، ١٣٩، بەسێ ئیسناد كە (انقطاع)و (أرسال) یان تیادایە بەڵام هەندێكیان دەگەنە پلەی (حسن).

جۆراوجۆر، بە تایبەت لە ڕێگای بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی خەڵك بە پەیڕەوکردنی سیستمی بەخشین، بێجگە لە سنووردانان بۆ دروستبوونی دەرەبەگایەتی گەورە کە جیاوازی یەکی ئابووری فروان دروست دەکاتو سامان بە دەست کەسانێکی دیاریکراوی کەمەوە ئابڵۆقە دەدا، ئەمەش بوو کە عومەر لی حاڵی بوو لە ڕۆشنای فەرموودەکانی خوای گەورە، کە بە روونی ئاماژە دەکات بۆ وردی تێگەیشتن و زرنگی و کارتێکردنی قورئان لە ئاڕاستەکردنی سیاسەتەکان.

ئینجا لەبەر ئەوەی کە خەراج باجی زەوی یە، بە پێچەوانەی سەرانە، بۆیە لە حاڵەتی موسڵمانبوونی خاوەن زەوی یەکە لەسەری ناکەوێت ئیتر پیاو بیت یان ئافرەت، ئازادبێت یان کۆیلە،[1] کاتێکیش ئافرەتێکی بازرگان لە (نهر الملك) موسڵمان بوو، زەوی یەکی زۆری لە بەغدا بە دەستەوە بوو عومەر فەرمووی: "دعوها في أرضها تؤدي عنها الخراج".[2] واتە: لی گەڕێن لە زەوی خۆیدا بمێنێتەوە و باجەکەی بدات. هەندێ ریوایەتی لاوازی تریشمان لەبەردەستدایە کە پێکەوە ئەوە دەگەیەنن کە موسڵمانبوون لابردنی باج ناگەیەنێت.[3] جێگیریشە کە عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) سیاسەتێکی هێمنانەی بەرپا دەکرد لەگەڵ ئەوانەی باجی زەویان لەسەر بوو، نەوەکو تووشی دەردەسەری و مەینەتیان بکات، بۆیە داوای لەبەرپرسانی دەکرد لە خاکی سەواد کە: "انظر مالديكما ان تكونا حملتما الارض مالا تطيق".[4] واتە: بڕوانن بۆ ئەو زەویانەی لاتانن داوای شتێکتان نەکردبێت لە کەسێك لە توانایدا نەبێت، بێگومان مامەڵەشی دەکرد لەگەڵ خەڵکانێك ناکۆك لەگەڵێدا لە بیروباوەڕ، لە سەرەتای فەتحو سەپاندنی خەراج، جا ئەو بەپەرۆش بوو بۆ مامەڵەکردنیان بە دادگەریو چاکە.

---

١) أبوعبيد: الموال ٧٨.

٢) عبدالرزاق: المصنف ٦: ١٠٢ و ١٠: ٣٧٠، وابن أبي شيبة: المصنف ٦: ٤٦٤، وابن زنجويه: الاموال ١: ٢٥٧، والبيهقي: السنن ٩: ١٤١، والخبر صحيح الاسناد.

٣) عبدالرزاق: المصنف ٦: ١٠٢، ١٠٣، وابن أبي شيبة: المصنف ٤: ٤٠٥، ٤٦٣، وابن زنجويه: الاموال ١: ٢٥٧، والبيهقي: السنن ٩:١٤١، ١٤٢، وفيه ضعف جابر الجعفي وارسال الشعبي عن عمر.

٤) البخاري: الصحيح ٢: ٢٩٧، وعبدالرزاق: المصنف٦: ١٠٣، وابن ابي شيبة: المصنف ٦: ٤٣٦، ٧: ٤٣٥، ٤٣٦، وابن زنجويه: الاموال ١: ١٦٠، ١٦١، ئەم پرسیارە پێش چوار ڕۆژ بوو لە شەهیدبوونی.

ئینجا عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) کڕینی زەوی خەراجی قەدەغە کردبوو، چونکە وەقفە بۆ هەموو نەتەوەی ئیسلام، [1] جگە لەوەش کڕینی زەوی ئەهلی زیمە کە بە ڕێگەی صولح باجی دەدرا بە هەمان شێوە قەدەغەی کردبوو، هەرچەندە وەقفیش نەبوو لەسەر موسڵمانان، ـ بەڵام لە ترسی ئەوەی موسڵمان باجەکەی نەدات، [2] عومەریش (ڕەزای خوای لێبێت) عوسمانی کوڕی حونەیفی ناردبوو بۆ پێوانەکردنی زەوی سەواد کە دەرکەوت دەگاتە سیو شەش هەزار جەریب (جەریب: ١٣٦٦م^{2}) ئیتر ئەویش لەسەر هەموو جەریبیك درهەمێك و قەفیزێك لە خۆراك (قەفیز: ٢٦,١١٢ کیلۆگرام)ی دانا، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەی خاوەن زەوی یەکان تووشی دەردەسەری نەبن، پێشدەچێت کە ئەو ڕووبەرە هەمووی گرتبێتەوە کە دەگونجێت بۆ کشتوکاڵ، ئیتر ئایا کشتوکاڵی تیا کرابێت یان نا، وەکو هاندانیك بۆ سوود لێوەرگرتنی و باجدانی، یان ئەوەیە کە ئەو بڕە باجە دەکرێت بەپی بەروبوومی کشتوکاڵی، لەوانەشە بەپی جۆری دارخورما دە درهەم بوو (لە ریوایەتێکیشدا هەشت درهەم، لەوانەشە بە پی جۆری خورماکە بێت). جەریبێکی ترێ هەشت درهەم، [3] جەریبێك لە درەختی بەرزی بەرهەمدار شەش درهەم، جەریبێك گەنم چوار درهەم، جەریبێکی جۆش دوو درهەم. [4]

واش دەردەکەویت جگە لەو درهەمانە هەندێ بەروبوومی کشتوکاڵی خراوتە سەر، لە نێوان پێنج تا دە قەفیز، [5] بۆیە پێدەچێت مەبەست لەو کردارە یارمەتیدانی سوپای ئیسلامی بێت. جێگیریش نی

١) الماوردي: الاحكام السلطانية ١٤٧، ١٤٨، ریوایەتێکی لاوازیش هەیە باس لە ڕەتکردنەوەی عومەر دەکات بۆ کڕینی زەوی یەکی خەراج لە لایەن عوتبەی کوڕی فەرقەدەوە (أبو عبید: الاموال ٨٤، وابن زنجویة: الاموال ١: ٢٢٢، ٢٢٣، ٢٢٤، وابن ابي شیبة: المصنف ٦: ٥٥٤، والخطیب: تأریخ بغداد ١: ١٧، والبیهقي: السنن الكبرى ٩: ١٤١).

٢) عبدالرزاق: المصنف ٦: ٤٧، وفیه جهالة راوٍ، ١٠: ٣٣٧، وفیه ارسال الحسن البصري. وابو عبید: الاموال ٨٣، ٨٤، وفیه تدلیس قتادة، وابن ابي شیبة: المصنف: ٤: ٣٣٧، وابن زنجویه: الموال ١: ٢٣٣، ٢٣٤، وفیه انقطاع بعد ابن سیرین. والبیهقي: السنن ٩: ١٤٠ والخبر یرقى بطرقة الى الحسن.

٣) نەسەلمێنراوە کە عومەر باجی لەسەر ترێ و دارخورماو سەوزە هەڵگرتووە، وەك ئەبویوسف دەگێڕێتەوە لە حەسەنی کوڕی عەمارەوە، چونکە حەسەن کەس قسەی وەرناگرێت (الخراج ٤١).

٤) عبدالرزاق: المصنف ٦: ١٠٠، ١٠١، ١٠: ٣٣٣، وابن زنجویه: الاموال ١: ٢٠٩، ٢١٠، والخطیب: تاریخ بغداد ١: ١٠-١١، والبیهقي: السنن ٩: ١٣٦، وتتعاضد الروات لتقویة الخبر.

٥) أبو عبید: الاموال ٧٥، وابن ابي شیبة: المصنف ٢: ٤٣٠، ٤٣١، ٤٣٥، ٤٣٦، وابن زنجویه" الاموال ١: ٢١٠، ٢١١، والاسانید تتضافر لتقویة الخبر.

یە لەسەر زەوی یەکانی شام و میصر چەنێك باج دەستنیشان کراوە لە سەردەمی عوسمانی و عەلی (رەزای خوایان لێبێت) کە ئەوەیش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی ئەوان درێژەیان داوە بە سیاسەتی عومەر (رەزای خوای لێبێت) لە بواری باجی زەوی کە کاریگەری زۆری بوو، گەشەکردنی ئابووری کە بەدیهات لە سەردەمی عوسمان (رەزای خوای لێبێت).

بەڵام سەردەمی عومەر بەوە جیادەبووەوە کە وردی بەکارهێنرا لە سەرژمێری دانیشتوانو پێوانەکردنی زەوی یەکانی سواد، هەروەها جیاکردنەوەی ئەو زەویانەی تایبەت بوون بە کیسراو خێزانەکەی، ئەو زەویانەش کە خاوەنەکانیان دەکوژران یان هەڵدەهاتن لە شەڕەکانی دژ بە موسڵمانان، بە هەمان شێوە ئەو زەویانەی کە خراپو بێکەڵك بوون، هەڵمەتی پێوانەکردنیش کە سانێك لە هاوەڵان پی هەڵسان، "سەعد خەڵکی ئەو دیوی مەدائینی کۆکردەوە فەرمانی کرد بە سەرژمێری، دەرکەوت زیاتر لەسەدوو سی هەزار کەسن (١٣٠,٠٠٠)، هەروەها زیاتر لە سی هەزار خێزانن (٣٠٠٠٠) ئەم سەرژمێریەش کە هاوەڵی بەڕێز سەعد پی هەڵسا ئاماژە دەکات بە توانایەکی بەرزو نەرمی لە سوود وەرگرتن لە شارەزای یە ناوخۆی یەکان لە بواری رووپێوکردنو سەرژمێری کردن.[1]

١) عبدالعزيز ابراهيم العمري: الولاية على البلدان ٢: ١٠٢.

باسی سێیەم
دەستکەوتەکان (الغنائم)

زانایان پێناسەی (الغنائم) دەکەن کە بریتی یە لە: "ماغلب علیه المسلمون من أموال أهل الحرب حتی یأخذوه عنوة".[1] واتە: ئەو ماڵانەی کە موسڵمانان زاڵدەبنە سەریو بە زۆر بە دەستی دەهێنن لە دوژمنەکانیان کە جەنگیان لەگەڵ دەکەن، کەواتە ئەم جۆرە دەستکەوتی (فیئ) ناگرێتەوە کە بەبێ جەنگ لە دوژمنان بەدەستدەخرێت.

ئەو کەسەش دەکوژرێت لە دوژمنانی ئیسلام چەكو کەلوپەلو ولاغەکەی بۆ بکوژەکەیەتی لەبەر فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ): "من قتل قتیلاً فله سلبه".[2] واتە: هەرکەسێك لە جەنگدا بێباوەڕێکی کوشت کەلوپەلەکانی بۆ خۆیەتی. بۆ سوار سێ بەش دادەنرێت و پیادەش یەك بەش.[3]

دیلەکانیش بەرێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، خەلیفەیش بۆی هەیە رزگارانەیان لێوەرگرێت، یان بیانبەخشێت بە ئازادکردنیان بێ بەرانبەر، یان کوشتنیان ئەگەر بەرژەوەندی ئیسلامی تێدا بوو.[4]

ئینجا دەوڵەت ئەو کەسانەی کە دەکەوتنە نێو پێنج یەکەوە دەیفرۆشتن، ئەشعەسیش بای بیست هەزار کۆیلەی کڕی لە (بیت المال)ی کووفە لە کاتی فەرمانڕەوایەتی عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود لەو جێگایە.[5]

لە راستیدا ئەو دەستکەوتانەی موسڵمانان بەدەستیان دەهێنا لە دوژمنەکانیان سەرچاوەیەکی چاك بوو بۆ خەزێنەی موسڵمانان، هەروەها بۆ جەنگاوەرەکانیش، چونکە ئاستی بژێویانی بەرزدەکردەوە، ئاشکرایشە کە قورئان مەسەلەی دابەشکردنی دەستکەوتەکانی بڕیوەتەوەو بواری بۆ دەوڵەت نەهێشتوەتەوە گۆڕانکاری بکات تیدا، خوای گەورە دەفەرموێت: (وَاعْلَمُواْ أَنَّمَا غَنِمْتُم مِّن شَيْءٍ فَأَنَّ لِلّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى ....)[6]. واتە: پێنج یەکی دەستکەوتەکان بۆ دەوڵەتەو ئەو دوایشی بۆ جەنگاوەرەکانە.

---

١) أبویوسف: الخراج ١٩، ویحی بن آدم: الخراج ٢٢: وابوعبید: الاموال ٢٣٧.

٢) البخاري: الصحیح (فتح الباري ٦: ٢٤٧).

٣) رواه أبوداود: صحیح سنن أبي داود للالباني ٢: ٥٢٢.

٤) إبن حجر: فتح الباري ٦: ١٥٢.

٥) أبوداود: السنن ٢: ٢٧٥.

٦) (الأنفال : ٤١)

ئینجا وا دەردەکەوێت دەستکەوتەکانی بزووتنەوەی پاشگەزبوونەوە لە ئیسلام کورت هەڵهێنرابوویە ناو دوورگەی عەرەب، زۆربەشی ئەسپو وشترو مەڕو ماڵاتو کۆیلەو چەك بوو، لەگەڵ هەندێ ئاڵتوونو زیو، سەرچاوەکانیش باسی ژمارەی دیاریکراو ناکەن سەبارەت بە جۆرەکانی دەستکەوت، بەڵام دەستبەسەراگرتنی ئەسپو کەرەستەکانی شەڕ لە هۆزە پاشگەزبووەکان سوودێکی باشی هەبوو بۆ دەوڵەت. چونکە ئەو هۆزانە زۆر بایەخیان دەدایە ئەو شتانە، ئامانجێکی ئەم کردارەش لاوازکردنیان بوو، چونکە متمانەیان لەسەر نەمابوو، هەربۆیە قبولْ نەکرا، دواتر بەشداری بکەن لە بزووتنەوەکانی فەتحی ئیسلامی تا کۆتای سەردەمی ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێبێت).

کارێکی بێسوودیشە هەوڵ بدرێت توێژینەوەی ڕیوایەتەکان بکرێت بە پی ڕێڕەوی فەرموودەناسان، چونکە زۆربەی ژمارەکان لە هەندێ ریوایەتی مێژوویدا هاتوون کە گێڕەوەکانیان متمانەیان پێنەکراوە لەلایەن فەرموودەناسانەوە، ئەگەر سەرنجێکی سەرچاوەکانی تەبەری بدەین دەربارەی بزووتنەوەکانی پاشگەزبوونەوە دەبینین (٧٣) ریوایەت وەردەگرێت لە سەیفو (١٤) روایەت لە ئیبنو ئیسحاقو (٥) ریوایەت لە ئەبو میخنەفو (٤) ریوایەت لە ئیبنولکەلبی.[١] بەڵام سەبارەت بە کتێبی ئیبنوحوبەیش (عەبدوڕەحمانی کوڕی موحەممەدی کوڕی حوبەیشی ئەندەلووسی) وردترو هەمەجۆرترە لە سەرچاوەکانی دەربارەی بزووتنەوەی پاشگەزبوونەوە، چونکە بە زۆری سوود وەردەگیرێت لە ئیبنوئیسحاقو واقیدیو وەسیمەو یەعقوبیو زوهری، ئەمە لە کاتێکدا خەلیفەی کوڕی خەیات لە نووسینی بۆ مێژوو بە پلەی یەکەم پشتی بەستووە بە ئیبنوئیسحاق (١٩ ریوایەت)و مەدائینی (١٦ ریوایەت).

لە راستیشدا سەرچاوەکانی فەرمووده باسەکانی کورت ببوەوە لەسەر هەندێ زانیاری دیاریکراو بەبێ ڕۆچوون بۆ نێو ئەو شیکردنەوانەی مێژوونووسان باسیان کردووە.

ئینجا ئەگەر دەستبەسەرا گرتنی هۆزی ئەسەدو غەتەفان بڕی ئەسپو چەکی تیا دیاری نەکراوە.[٢] هەروەها لە دەستبەسراگرتنی خەڵکی یەمامەو ئاڵتوونو زیوو چەكو ئەسپو رووبەری باخەکان لە

١) عبدالعزيز محمد نور ولي: حركة الردة في اليمن وحضرموت وعمان ص١٠.

٢) ابن ابي شيبة: المصنف ١٢: ٢٦٣ـ ٢٦٤، والبخاري: الصحيح ٩: ١٠١ مختصراً، وابوعبيد : الاموال ٢: ٣٣٠، وسعيد بن منصور: السنن ٢: ٣٣٠، وأحمد: فضائل الصحابة ٢: ٨٩٣، والبلاذري: فتوح البلدان ١٣٢، والطبراني: الاوسط (مجمع الزوائد ٦: ٢٢٢) والبيهقي: السنن الكبرى ٨: ١٨٣، ٣٣٥.

هەموو لادێ یەك کە دەستی موسڵمانان کەوتووە دەستنیشان نەکراوە،[1] ئەوا غەزای (القرية والعرض) لە خێڵی بەنو حەنیفە ـ پێش ئەنجامدانی صوڵحەکە ـ کۆیلەیەکی زۆری تیا بەدەستهات، چونکە خالیدی کوڕی وەلید پێنج سەدی لەوانە نارد بۆ مەدینە،[2] شتێکی سەیریش نی یە ئەو هەموو دەسکەوتە لە یەمامە بە دەست بێت، چونکە مەڵبەندێکی بازرگانی و ئابووری گرنگە لە رووی کشتوکاڵ، جگە لەوەی کە چڕی دانیشتوانەکەی تیایە بەرێژەیەکی بەرز.[3]

بەڵام عەلائی حەزرەمی ئاشتیی کرد لەگەڵ خەڵکی بەحرێندا لەسەر سێ یەکی ماڵەکانیان لەناو شارەکانیان، بەڵام ئەوانەی لە دەرەوەی شارەکە بوون دەستی بەسەر هەموویدا گرت، ماڵێکی زۆریشی بۆ مەدینە نارد،[4] بەشی یەك سوار لە دورگەی دارین گەیشتە شەش هەزار درهەم و بەشی پیادەش گەیشتە دوو هەزار درهەم.[5] ئەو ماڵانەش لە پاشگەزبووەکان دەستی موسڵمانان کەوت لە عومان (دەبا) گەیشتە (٤٠٠٠) سەر لە وشتر کە بەشی دەوڵەت (٨٠٠) سەر بوو، نرخەکەشی نزیکەی (٢٠٠٠٠٠) درهەم[6] دەبوو، جگە لە وشتریش (٣٥٠٠) دیلو ئافرەتو منداڵیان کەوتە ژێر دەست بەشی دەوڵەت لەوانە (٧٠٠) بوو (٣٠٠ دیلو ٤٠٠ لە ژنانو منداڵان) لە حاڵەتێکدا گریمان دابەشکردنی ئەوانە بە رێژەی چوار لە پێنج بێت بۆ جەنگاوەرەکان.[7] ئەم ژمارە زۆرەی دیلو ژن و

١) الطبري: تاريخ ٣: ٢٩٨ عن طريق سيف و٣: ٢٩٧ـ ٢٩٨ لە ڕێگەی ئیبنوئیسحاق، بەڵام دەڵێت: دەستبەسەراگرتنەکە تەنها بۆ چواریەکی کۆیلەکان بووە، خليفه: تاريخ ١١٠، والبلاذري: فتوح البلدان ١٢٣، بەڵام دەڵێت: چواریەکی کۆیلەکان و نیوەی ئاڵتوونو زیوەکان بووە، وابن اعثم: الفتوح ١: ٤٠ باس لە سێیەکی ئەسپو چواریەکی کۆیلە دەکات.

٢) ابن أعثم: الفتوح ١: ١٥ـ ١٦.

٣) چل هەزار جەنگاوەریان پڕ چەك کردبوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی موسڵمانان بەسەرکردایەتی موسەیلەمە.

٤) الكلاعي: الاكتفا (حروب الردة) ٢٠١.

٥) الطبري: تاريخ ٣: ٣١١ عن سيف.

٦) ئەم وادانانە ئەوە ئەسەپێنێ کە نرخی یەك وشتر پەنجا درهەم بووە، ئینجا ئەگەر دوو ریوایەتی لاواز هەیە وەربیگرین، نرخی شەش وشتری تازەپێگەیشتوو بەرانبەر (٤٠٠) درهەم بووە لە خیلافەتی عومەر، چونکە یەك وشتری تازەپێگەیشتوو یەکسان بوو بە (٦٦) درهەم، لەگەڵ زانیاری ئەوەی کە نرخی وشتر بەرزبوویەوە لەسەردەمی عومەر زیاتر لە سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) و خیلافەتی ئەبوبەکر (رەزای خوای لێبێت). (عبدالرزاق: المصنف ٧: ٢٧٨، ٢٧٩، وأبوعبيد: الاموال ١٤٧، ١٤٨، وابن زنجويه: الموال ١: ٣٥٠، ٣٥١، والبيهقي: السنن ٩: ٧٤، والخبران باسنادين ضعيفين).

٧) دەربارەی دابەشکردنی کۆیلەکان پاش تەواوبوونی شەڕ لە نێوان جەنگاوەرەکان بڕوانە: عبدالرزاق: المصنف ٥: ١٩٤، والدارقطني: السنن ٤: ١١٤، والبيهقي: السنن ٩: ١١٢، وابن ابي شيبة: المصنف ٦: ٥٠٦، وسعيد بن منصور: السنن ٢: ٢٨٨.

منالیش مەزندە دەکرێت بە (١,٤٠٠,٠٠٠) درهەم کە (٢٨٠,٠٠٠)ی بەر دەوڵەت دەکەوێت. ئەمە ئەگەر ئەو بۆچوونەمان وەرگرت کە رزگارانەی دیل دەگاتە (٤٠٠) دەرهەم، وەکو چۆن لە رزگارکردنی دیلەکانی نەیجەر روویدا لە سەردەمی خیلافەتی ئەبوبەکر[١]، ژمارەی کۆیلەکانی نەیجەر هەزار ئافرەت لە ماڵی رەملەی کچی حارسدا بوون، رزگارانەکەیان دەکاتە (٤٠٠٠٠٠) درهەم، ئەمانە جگە لە ماڵی زیندە.[٢]

هەروەها موسڵمانان لە شەڕی موهرە دژ بە پاشگەزبووەکان (٢٠٠)[٣] وشتری جۆری نەجیبەیان دەستکەوت، کە نرخیان دەگاتە (٢٠٠٠٠٠) درهەم لە حاڵەتێکدا کە نرخی نەجیبەمان بە (١٠٠)[٤] درهەم ژمارد، لە کاتێکدا کە وشتری ئاسای هەر بە (٥٠) درهەمە.

بە هۆی دارای دەوڵەتیش بۆ وشترو ئەسپو ماینو مەڕو ماڵات لە رێگەی زەکاتو دەستکەوتەکانەوە، پێویستی دروستبوو بۆ تایبەتکردنی لەوەڕگە بۆیان، بۆیە لەوەڕگەی (نقیع الخضمات)ی نزیك مەدینە هەر لە سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ)[٥] تایبەت کرا بۆ ئەسپو ماین، ئەم کارەیش درێژەی بوو لە سەردەمی ئەبوبەکری صدیق (رەزای خوای لێبێت)،[٦] بە هەمان شێوە لەوەڕگەی رەبەزە تەرخانکرا بۆ وشترەکانی زەکات.[٧]

ئەم ماڵانەش بە هیچ ناژمێردرێن بەرانبەر دەستکەوتەکانی فتوحات لە دەڤەری (الهلال الخصیب) و میصر، ئەمەو سەرچاوەکان ئاماژە ناکەن بە چەندێتی دەستکەوتەکان لە فەتحی عێراقو شام، تەنها باس لەوە دەکەن چەكو وڵاغو کەلوپەلو ئافرەتو منال کەوتوونەتە دەستی سوپای ئیسلامی،[٨] بەڵام

١) البلاذري: فتوح البلدان ١٤٥، والكلاعي: الاكتفا (حروب الردة) ٢٤٠.

٢) الطبري: تاريخ ٣: ٣١٧ عن سيف، والبلاذري: فتوح البلدان ١٤٥، والكلاعي : الاكتفا ٢٤٠.

٣) الطبري: تاريخ ٣: ٣١٧ عن سيف.

٤) وشترێکی خوراسانی عومەر بە (٣٠٠) درهەم دانرا (احمد: المسند ٢: ١٤٥).

٥) أحمد: المسند ٢: ٩١، ١٥٥، ١٥٧، باسناد صحيح، وابوعبيد: الاموال ٣٠٩، وابوداود : السنن ٣: ٤٦١-٤٦٢ بسند حسن.

٦) ابن سعد: الطبقات ٥: ١١ عن الواقدي.

٧) الطبري: تاريخ ٣: ١٤٨ عن سيف.

٨) خليفة: التاريخ ١١٧، ١١٨، ١١٩، والطبري: تاريخ ٣: ٣٥١ عن سيف، ٣٥٤، ٣٨٢، عن سيف، ٤٠٧، ٤١٠، عن سيف، وابو يوسف: الخراج ٤٢، ١٤٦، ١٤٧، عن ابن اسحق والازدي: فتوح الشام: ٤٠، ٧٦، ٧٧، ٨٢، والبلاذري: فتوح البلدان ١٥٢، ١٥٤.

بەشی سواریان لەشەڕی (ذات السلاسل والثني) بە دوو هەزار درهەم و پیادە بەسێ یەکی ئەو بڕە دەستنیشان کردووە، هەروەها ئاماژەیان کردووە بۆ دەوڵەمەندی ئەبوللە بەرادەیەك سەگەکانیان لە کاسەی ئاڵتوونو زیو خواردنیان پێدراوە.[1] لە لایەکی تریشەوە بەشی سواریان لە شەڕی ئەمغیشیا بە هەزارو پێنج سەد درهەم مەزەندە کردووە، جگە لە خەڵات بۆ نەبەردەکان.[2]

ئینجا ئەبویوسف بڕی دەستکەوتەکانی فتوحاتی عێراق لەسەردەمی سەرکردایەتی خالیدی کوڕی وەلید کورتدەکاتەوەو بە هەزار یان پێنج هەزار سەر،[3] بێگومان هەموو جەنگەکانیش لە هەندێ شارو لادی بچووك روو دەدا لەسەر فورات، هیچ کاتێکیش فتوحات ئەنجام نەدەدرا بێ ئەوەی ئەو ناوچانە چەندین جار نەوەستن دژ بە سوپای ئیسلامیی، ئەمەیش کەمی دەستکەوتەکان روون دەکاتەوە لە ناوچە فەتحکراوەکان لەسەردەمی خیلافەتی صدیق دا (ڕەزای خوای لێبێت).

بەڵام سەبارەت بە خیلافەتی عومەر (ڕەزای خوای لێبێت)، دەستکەوتەکان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیان کرد، بەهۆی فراوانبوونی ناوچە فەتحکراوەکان و ئەو گەشە کردنە ئابووری یەی کە بە خۆیانەوە دەیانبینی، سەرکردەکانی فارسو رووم بە ئەوپەڕی جوانی یەوە دەهاتنە مەیدانی شەڕ، ئیتر هەرچی دەستکەوتەکانیان هەیە دەکەوتە دەستی موسڵمانان، جاری وابوو دەگەشتە (١٥٠٠٠)[4] درهەم یان (٣٠٠٠٠) درهەم[5].

ئینجا شارە گەورەکان فەتحکراو وەکو مەدائینو جەلەولاو هەمەدانو رەی و ئیستەخرو شوێنانی تر، لە رێگەشیانەوە موسڵمانان دەستکەوتی مەزنیان دەستکەوت، وەکو مافووری کیسرا، کە (٣٦٠٠) باڵی چوارگۆشە بوو، رووبەرەکەی یەکپارچە لە ئاڵتوونو بەردی زیو رازابوویەوە و وێنەی بەروبوومی لەسەر کرابوو بە گەوهەر و گەڵاکانی بە ئاوریشم، هەروەها ئاوی رێکردووی بەسەر کرابوو بە

١) خليفة: التاريخ ١١٧.

٢) الطبري: تاريخ ٣: ٣٥٨ ـ ٣٥٩.

٣) الخراج ١٤٧.

٤) کەوتە دەستی ئەبوقەتادەی ئەنصاری (ابن زنجوية: الاموال ٢: ٦٨٩، ٦٩٠ بسند ضعيف).

٥) دەستی بەرائی کوڕی مالیك کەوت لە میرزەبانی زارە کە کوشتی لە بەحرێن (عبدالرزاق: المصنف ٥: ٢٣٣و سعيد بن منصور: السنن ٢: ٢٦٣، وابن ابي شيبة: المصنف ٦: ٤٧٩، وابن زنجويه: الاموال ٢: ٦٨٩، والبيهقي: السنن ٦: ٣١٠ـ ٣١١ والخبر صحيح).

ئاڵتوون، پارچەیەکی بچووکی لێفرۆشرا بە بیست هەزار درهەم (٢٠٠٠٠).[١] بە هەمان شێوە لە شەڕی جەلەولاو نەهاوەند[٢] موسڵمانان ئاڵتوون و زیو و گەوهەری زۆریان دەستکەوت، چونکە پێنج یەکی جەلەولا گەیشتە شەش ملیۆن درهەم،[٣] گەورەترین دەستکەوتەکانیش لە ناوچەی سەواد بوو کە عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) تەرخانی کرد بۆ دەوڵەت، هەروەها زەوی یەکانی صەوافی کە خاوەنەکانیان کوژران، یان هەڵهاتنو موڵکەکانی کیسراو خێزانەکەی، بەرهەمی ئەوانە هەمووی بۆ دەوڵەت تەرخانکرا، دەشگێڕنەوە کە داهاتەکانیان - دواتر - گەیشتە حەوت ملیۆن درهەم.[٤]

بەڵام بە داخەوە سەرچاوەکان ئەوەندە ژمارە ناگێڕنەوە لە دەستکەوتەکانی فەتح کە دەرامەتی دەوڵەتو جەنگاوەرەکان بخەملێنرێت، تەنها ئەوەندە دەزانرێت کە یەکجار زۆر بووەو بووەتە مایەی دەوڵەمەندیی خەڵکیی و دەوڵەتیش، ئاستی گوزەرانیش بەرزبوویەوە و شوێنەوارەکانی بە چاکی لەسەردەمی خیلافەتی عوسمان (ڕەزای خوای لێبێت) دەرکەوتن، فتوحاتیش لە نیوەی یەکەمی سەردەمی عوسماندا فراوانبوویەوە بەرەو خۆراسان لە ڕۆژهەڵاتو ئەفریقا (تونس) لە خۆرئاوا،[٥] بەشی جەنگاوەر لە تونس گەیشتە هەزار دینار[٦] و سێ هەزار دینار،[٧] پێنج یەکی دەستکەوتەکانی ئەفریقاش گەیشتە پانزە هەزار درهەم لەو کاتەی مەڕوانی کوڕی حەکەم غەزای کرد،[٨] بەمشێوەیەش دەستکەوتی ئەو غەزا گەیشتە (٧٥٠٠) درهەم بۆ دەوڵەتو کۆی دەستکەوتەکانیش گەیشتنە (٣٧٥٠٠٠) درهەم.

---

١) الطبري: تاريخ ٢: ٤٦٧ عن سيف.

٢) ابن ابي شيبة: المصنف ٦: ٤٦٧ بسند حسن (ط. بيروت) وابن زنجويه: الاموال ٢: ٥٨٠- ٥٨٢، والبلاذري: فتوح البلدان ٣٠٢ والطبري: تاريخ ٢: ٥١٨ - ٥٢٠ بسند ضعيف.

٣) ابن ابي شيبة: المصنف ١٢: ٣١٨، وابوعبيد: الاموال ٢٢٤ وفي السند مجالد ليس بالقوي ثم هو مرسل الشعبي.

٤) ابن ابي شيبة: المصنف ٦: ٤٧٣، وابن زنجويه: الموال ٢: ٦٣١، وابن حجر: المطالب العالية ٢: ١٨٢ نقلاً عن الحارث بن ابي أسامة، والبيهقي: السنن ٩: ١٣٤.

٥) الطبري: تاريخ ٤: ١٨٢، ٢٥٣- ٢٥٤ عن سيف.

٦) ابن عبدالحكم: فتوح مصر واخبارها ١٢٥.

٧) ابوزرعة الدمشقي: تاريخ ١: ١٨٤- ١٨٥، وخليفة: التاريخ ١٦٠، وابن شبة: تاريخ المدينة ٣: ١٠٢٢.

٨) أبوهيلال العسكري: الاوئل ١: ٢٧٢ بسند صعيف.

زۆری پارەیش بوو بە هۆی گرانی ئابووریانە لە کەلوپەلە دەگمەنو زۆر چاکەکان، بۆ نموونە نرخی جلێکی ئاوریشم گەیشتە (٢٠٠) درهەمو عەبایەکی یەمانی گەیشتە (١٠) درهەم[١] و ئەسپێك بە (٥٠٠٠٠) درهەم[٢]و بە (١٠٠٠٠٠)یش فرۆشرا، دارخورمایەکیش بەهای گەیشتە (١٠٠٠) درهەم.[٣]

١) ابن سعد: الطبقات ٣: ٥٨ هەردوو نرخەکەش لە ڕێگەی واقیدیەوە هاتووە کە لە گێڕانەوەی فەرمووەدەدا متمانەی لەسەر نی یە، بەڵام لە بواری مێژوویدا زانیاری زۆری هەیەو ناکرێت پشتگوێ بخرێت.

٢) ابن شبة: تاريخ المدينة ٣: ١٠٢٣ بسند مرسل.

٣) ابن شبة: تاريخ المدينة ٣: ١٠٢١، بسند منقطع قبل السعدي، والطبراني: المعجم الكبير ١: ١٥٨ـ ١٥٩ بسند مرسل، والحاكم: المستدرك ٣: ٥٩٧ ونقد الذهبي متنه.

باسی چوارەم:
زەكـات

دەوڵەتی ئیسلامی لەسەردەمی خیلافەتی صدیق دا بە کۆکردنەوەی پارەی زەکات دروست بوو لە ڕێگەی ناردنی کۆکەرەوانی زەکات بۆ سەرانسەری دوورگەی عەرەب، بزووتنەوەی پاشگەزبوونەوەش کۆسپی دروست دەکرد لە ڕێگای ئەو کارانە لە زۆربەی ناوچەکان، بێجگە لە حیجازو جەواسا ـ لادێ یەك بوو لە بەحرێن ـ و ئەو هۆزانەی کە لەسەر ئیسلامەتی و پشتگیریی بۆ دەوڵەت مانەوە، سوپاکانی خیلافەتیش جەنگی لەگەڵ مورتەدەکان کرد بۆ ماوەی یەك ساڵو چەند مانگێك، تا توانی بیانگێڕێتەوە بۆ ئیسلامو گوێڕایەڵی، هەڵوێستی دووربینانەی ئەبوبەکریش هۆکارێك بوو بۆ یەکخستنەوەی دەوڵەتو جێبەجێکردنی شەریعەت لە سەر خەڵکی، هەندێ لە هاوەڵانیش بۆچوونیان وابوو شەڕ نەکرێت لەگەڵ پاشگەزبووەکان، یەکێ لەوانەش عومەر بوو، بەڵگەشیان فەرمودەی پێغەمبەر (ﷺ) : "امرت أن اقاتل الناس حتى يقولوا لااله الا الله فمن قالها، فقد عصم مني ماله و نفسه إلا بحقه وحسابه على الله". واتە: فەرمانم پێکراوە لەگەڵ خەڵکی جەنگ بکەم تاکو بڵێن "لا اله الا الله"، جا هەرکەسێك کە ئەوەی وت خۆیوماڵی لەسەر من قەدەغە دەبێت، مەگەر بەمافی خۆی نەبێت لێپرسینەوەش لەلای خوایە. ئەبوبەکر تێگەیشتنی راستی بۆ روونکردنەوەی بۆ فەرموودەکان بە کۆکردنەوە لە نێوانیاندا بوو، فەرمووی: سوێند بە خوا جەنگ دەکەم لەگەڵ هەر کەسێکدا جیاوازی بخاتە نێوان نوێژو زەکات، چونکە زەکات مافی بەیتولماڵە، سوێند بە پەروەردگار ئەگەر کارەمیەکیان (لە ریوایەتێکدا گوریسێك) دەدایە پێغەمبەر (ئێستا نکوڵی لێبکەن لەسەر ئەوە جەنگیان لەگەڵ دەکەم، عومەر فەرمووی: سوێند بە خوا هەرکە بینیم خوای گەورە دڵی ئەبوبەکری ئاراستەی جەنگکردن کرد، زانیم کە ئەوە رەوایە،[1] هەموو هاوەڵانیش هاتنە سەر بۆچوونی ئەبوبەکر.[2] ئەوان رەخنەگرتنیان لەسەر شەڕکردن لەگەڵ قەدەغەکەرانی زەکات بە بۆنەی ئەم ئایەتەوە بوو: (خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِم بِهَا وَصَلِّ عَلَيْهِمْ إِنَّ صَلاَتَكَ سَكَنٌ لَّهُمْ)[3]. دەیانوت: زەکات وەرگرتن تایبەت بوو بە پێغەمبەر ﷺ، چونکە کەسی تر جگە لە

---

١) البخاري: الصحيح ٢: ١٣١، ١٤٧، و٩: ١٩، ١١٥، ومسلم: الصحيح ١: ٥١.

٢) الكلاعي: الاكتفا (حروب الردة) ٣٨، وسعيد بن منصور: السنن ٢: ٣٢٢، والبيهقي: السنن الكبرى ٨: ١٧٧.

٣) (التوبة : ١٠٣)

خۆی ناتوانێت پاکیان بکاتەوەو دوعایەکیان بۆ بکات، ببێتە مایەی سوکنای، ئەوان نکوڵیان لە زەکات نەدەکرد وەکو دانپیانەنانو ئینکار، بۆیە تەئویل کردن لە ئیسلام دەریاننەکات، ئەبوبەکریش شەڕی لەگەڵ نەکردن تاکو بانگی کردن بۆ زەکاتدان، جا کە سووربوون لە سەر نەدانی زەکات ئەو کاتە جەنگی لەگەڵ کردن، بەڵام سەبارەت بەو کەسانەی دانیان بەزەکات نەدەنا وەکو فەرزێك ئەوانە بێبەری دەبن لە ئیسلام، چونکە زەکات روکنێکی سەرەکی یە تیایدا، هاوەڵانیش رەخنەیان لەسەر شەڕکردن نەبوو لەسەر ئەم جۆرە کەسانە، یان لەگەڵ شوێنکەوتووانی موسەیلەمەو ئەوانی تر کە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی یان دەکرد.[1]

بێگومان ساڵی یەکەم لە خیلافەتی ئەبوبەکر سەرچاوەکانی زەکات بەشێوەیەکی بەرچاو کەمی کرد، هەندێ لە هۆزەکانی تەمیم وەکو رەبابی کوڕی عەوفو کوڕانی سەعدی کوڕی تەمیم، زەکاتیان هێنا کە حەوت سەد وشتر بوو نرخەکەی دەیکردە نزیکەی سیو پێنج هەزار درهەم (٣٥٠٠٠)[2] هەروەها هۆزی تەی زەکاتیان هێنا بریتی بوو لە پانزە هەزار وشتر، بای نزیکەی (١٥٠٠٠) درهەم دەبوو،[3]

ئەو هۆزانەی لەسەر ئیسلام مانەوە زەکاتیان دەدا، سەرچاوەکان بە راشکاوی ناوی هەندێکیانیان بردووە، وەکو: مەقاعیسو بەشەکانی بەنی سەعد لە هۆزی تەمیمو بەنی مالیك لە بەنی یەربوع لە تەمیمو خێڵی هەیسەمی سولەمیو کۆمەڵێنێك لە موهرەی کوڕی حەیدانو ئەسلەمو غیفارو موزەینەو جوهەینەو ئەشجەع.[4] ئینجا سەرچاوەکان باسی جێگیربوونی هۆزانی تریان کردووە لەسەر ئیسلام بێئەوەی ئاماژە بکەن بە راشکاوی کە زەکاتیان دەدا، بەڵام گومان نی یە لەوەی کە زەکاتیان داوە، ئەوانەش: سەقیف، هوزەیل، دەیل، کینانە، ئەهلوسەرات، بوجەیلە، خەسعەم، هەوازین، جوشەم، سەعدی کوڕی بەکر، عەبدولقەیس (لەتوجیب) و مەزحەج - جگە لە بەنو زەید نەبێت - و هەمەدانو ئەبنا.[5]

---

١) ابن حجر: فتح الباري ١٢: ٢٧٦، ٢٧٧، و٣: ٣٦٦.

٢) ابن قتيبة: المعارف ٣٠٢.

٣) الكلاعي: الاكتفا (حروب الردة) ٤٥، ٤٧، ٤٩، ٥١. والدياربكري: تاريخ الخميس ٢: ٢٠٣.

٤) الطبري: تاريخ ٣: ٢٦٨، عن سيف، ٢٧٦، وابن ابي الدنيا: الإشراف في منازل الأشراف ٢٠٥، وابن حجر: الاصابة ٣:٦١٥، ٦٣٦، وقدامة بن جعفر: الخراج ٢٧٧، والكلاعي: الاكتفا (حروب الردة) ٤٤٧، والدياربكري: تاريخ الخميس ٢:٢٠٣.

٥) العيني: عمدة القاري ٧: ١٧١، عن كتاب الردة للواقدي.

پێویستە ئاماژەش بکرێت بۆ ئەوەی شەڕەکانی ریددە خەرجێکی زۆری پێویست بوو لەلایەن دەوڵەتەوە کە تەنها پشتی دەبەست بە سەرچاوەکانی غەنیمە لە لایەكو لەلایەکی تریشەوەی لەسەر زەکات کە بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بوویەوە.

بەهەمان شێوە پێویستە ئاماژەیش بکرێت بۆ ئەوەی کە ئەبوبەکر (رەزای خوای لێبێت) زەکاتی لەماڵی دیارو نادیاریش وەردەگرت، پرسیاریشی لەو کەسە دەکرد کە بەخشینو خەڵاتی پێدەدا، کە ئایا ماڵی هەیە زەکاتی لەسەر بێت؟ ئەگەر بیوتبا بەڵێ زەکاتەکەی لێدەبڕی.[١]

عومەریش (رەزای خوای لێبێت) لە سەردەمی خۆیدا، بەردەوام بوو لەسەر هەمان ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ و ئەبوبەکر (رەزای خوای لێبێت) لەناردنی کۆکەرەوانی زەکات بۆ سەرتاسەری دەوڵەتی ئیسلامی، زۆریش لە دانیشتوانی ناوچە فەتحکراوەکان موسڵمان بوون، سەرمایەی موسڵمانانیش پەرەی سەند لە ئاکامی دەستکەوتەکانی فەتحو بازرگانی ئازاد لە سایەی ئاسایشو هێزی دەوڵەتی ئیسلامی، بێگومان ئەم هۆکارانە بوو بە مایەی زیادبوونێکی زۆر لە بڕەکانی زەکاتدا، دادگەریش لە کۆکرنەوەدا روون بوو بێ گەیاندنی هیچ زیانێك لە (بيت المال)، کاتی کۆکردنەوەی زەکاتیش هەمان کاتی پێدانی مووچەو بەخشین نەبوو، چونکە لەو کاتانە ساڵ بەسەر ماڵی هاووڵاتیاندا تێپەڕنەدەبوو، هەربۆیە دەوڵەت زەکاتی لە مووچەکان وەرنەدەگرت.[٢] سوفیانی کوڕی عەبدوڵڵای سەقەفی یەکێك بوو لەو کۆکەرەوانە، جا هەموو سەرە مەڕەکانی دەژمارد تەنانەت بەچکەکانیش، بەڵام زەکاتی لێوەرنەدەگرت، ئیتر خاوەن مەڕەکان مشتومڕیان لەگەڵ کرد، ئیتر پرسیاری کرد لە عومەر (رەزای خوای لێبێت) ئەویش ڕێنموونی کرد کە لە مەڕە مامناوەندەکان وەربگرێت واتە نە لە زۆر چاكو نە لە زۆر خراپەکان.[٣]

ئەمەیش لەگەڵ سوننەتی پێغەمبەر ﷺ دەگونجێت: "واياك وكرائم اموالهم".[٤] واتە: نەکەی چاکترینی ماڵەکانیان وەکو زەکات وەربگریت، عومەریش (رەزای خوای لێبێت) جارێکیان نکۆڵی کرد لەسەر بەرپرسێك مەڕێکی شیرزۆری گوان گەورەی وەرگرتبوو لە زەکات و فەرمووی: "ماأعطى

١) مالك: الموطأ ١: ٢٤٥ وفيه انقطاع نبه عليه ابن حجر (كنز العمال ٦: ٥٣٠).

٢) أبوعبيد: الاموال ٤١٧، وابن زنجويه: الاموال ٣: ٩٢٠، وابن ابي شيبة: المصنف ٢: ٤٠٧ والاثر صحيح.

٣) مالك: الموطأ ١: ٢٥٤، وعبدالرزاق : المصنف ٤: ١٠، ١١، ١٤، ١٥، وابن زنجويه: الاموال ٢: ٨٥٧، والبيهقي: السنن ٤: ١٠٠ـ ١٠٣ والاثر صحيح.

٤) البخاري: الصحيح (فتح الباري ٣: ٢٦١).

هذه أهلها وهم طائعون، لاتفتنوا الناس"، واتە: وانازانم خاوەنی ئەم مەڕە رازی بێت لەسەر ئەم کارە، خەڵکی لە خشتە مەبەن.[1]

ئینجا کۆیلەو ئەسپ لای موسڵمانان زۆر بوو، بۆیە هاوەڵان پێشنیاریان کرد زەکاتیان بخرێتە سەر، ئیتر عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) ئەو ماڵانەی بە ماڵی بازرگانی ژمارد[2] و لەسەر کۆیلەکان دینارێکی دەستنیشان کرد (١٠ درهەم) و لەسەر ئەسپی عەرەبی دە درهەمو بیرزەون (ماینی نارەسەن) پێنج درهەم، هەروەها زەکاتی نەخستە سەر کۆیلەی خزمەتگوزاریو ئەسپی ئامادەکراو بۆ جیهاد، چونکە ئەوانە ماڵی بازرگانی نین، ئەو کەسانەش زەکاتی ئەوانەیان دەرکردبوو، عومەر قەرەبووی کردنەوە مانگانە بە نزیکەی (٢٠٩) کیلۆگرام لە گەنم کە لە بڕی زەکاتەکە زۆرترە،[3] چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: "ليس على المسلم في فرسه ولا عبده صدقة".[4] واتە: لەسەر ئەسپو کۆیلە زەکات نی یە.

هەروەها زەکات وەردەگیرا لە ریکاز واتە ماڵی نێژراو کە بدۆزرێتەوە، بە ڕێژەی پێنج یەك،[5] سووریش بوو لەسەر دەستاو دەستکردنی پارە و بەکارخستنی، تاکو زەکات تەواوی نەکاتو بەدرێژای ساڵان، پارەی هەتیوێکی لابوو دایە حەکەمی کوڕی عاص بۆ ئەوەی بازرگانی پێوە بکات،[6] چونکە عومەر کاتی بازرگانی نەبوو بەهۆی سەرقاڵی خیلافەتەوە، کاتێك قازانجەکەشی بەرزبوویەوە بە دەهەزار درهەمەوە بۆ سەد هەزار درهەم، گومانی برد لە شێوەی بەدەستهێنانی، جا کە بۆی دەرکەوت بازرگانەکە سوودی لە خزمایەتی هەتیوەکە لە عومەر وەرگرتووە، هەموو قازانجەکەی ڕەتکردەوەوە سەرمایەکەی گێڕایەوە، قازانجەکەشی بە پارەیەکی پیس ناوبرد،[7] چونکە

١) مالك: الموطأ ١: ٢٥٦، وابن أبي شيبة: المصنف ٢: ٣٦٢، وابن زنجويه: الاموال٣: ٨٨٥- ٨٨٦، والبيهقي: السنن ٤: ١٥٨، والاثر حسن.

٢) ابن سعد: الطبقات الكبرى ١: ١٥٢، وابن ابي شيبة: المصنف ٢: ٣٨١، باسناد صحيح، وابوعبيد: الاموال ٢٦١، ٢٦٢، ٤٦٨، ٤٦٩، وابن زنجويه: الاموال ٣: ١٠٢٦ والاثر صحيح.

٣) ابن زنجويه: الاموال ٣: ١٠٢٤، والطبري: تهذيب الاثار ٢١٢، والاثر صحيح.

٤) صحيح الترمذي ١: ١٩٦ وقال الترمذي: والعمل عليه عند أهل العلم.

٥) عبدالرزاق: المصنف ٥: ٢٢٦، ٢٢٧، وابن أبي شيبة: المصنف ٢: ٤٣٦، و ٦: ٤٣٤، وابن زنجويه: الاموال ٢: ٧٤٩، ٧٥٠، وتتعاضد الطرق لتقوية الاثر الى الحسن.

٦) ابن زنجويه: الاموال ٣: ٩٩٠ والاثر صحيح.

٧) عبدالرزاق: المصنف ٤: ٦٧، ٦٨، وابوعبيد: الاموال ٤٥٥ والاثر صحيح.

عومەر (رەزای خوای لێبێت) کاریدەکرد بە بنەمایەك کە سەپاندبوویە سەر فەرمانڕەواکانی ئەویش قەدەغەکردنی سوود بینینە لە پلەوپایەکانی لێپرسراوێتی لە دەوڵەت، ئا لێرەشەوە موڵکی فەرمانڕەواکانی کرد بە دوو بەشەوە لەگەڵیاندا، چونکە بە بازرگانی گەشەی کرد لە ڕێگای کارەکانیانەوە.

ئینجا عومەر دەیەکی وەردەگرت لە زەکاتی ئەو ڕووەکانەی بە باران و ڕووبارەکان ئاودێری دەکران، نیوەی دەیەکیشی وەردەگرت بۆ ئەو ڕووەکانەی بە ئامێر ئاو دەدەران.[1] ئەو کارەشی هەماهەنگ بوو لەگەڵ سوننەتی پێغەمبەر ﷺ [2] ڕاسپاردەشی دەکرد بە بەزەی بن لەگەڵ خاوەن باخەکان لە کاتی خەملاندنی بەروبوومەکانی خورما،[3] زەکاتی دەیەکیشی وەردەگرت لە هەنگوێن، چونکە دەوڵەت دۆڵی مێشەنگەکانی تەرخان کردبوو و دەیپاراست بۆ بەرهەمهێنەرەکانی،[4] ئینجا گەنم لە سەردەمی عومەر زیادی کرد، بۆیە ڕێگای هەموار کرد بۆ دەرکردنی زەکاتی سەرفیترە لە گەنم بە نیوەی ئەو ئەندازەی پێش ئەو دەردەکرا لە جۆ یان خورما یان مێووژ.[5] ئەمەش ئاسانکاری بوو لە سەر خەڵکی، قبوڵکردنیشە بۆماڵی چاکتر لە زەکاتدا ئەگەرچی جۆرەکانیان جیاواز بێت.[6]

هەندێ لە سەرچاوەکان باسی ژمارەیەك لەو کەسانەیان کردووە کە هەڵدەستان بە کۆکردنەوەی

---

١) عبدالرزاق: المصنف ٤: ١٣٤، ١٣٥ والاثر صحيح.

٢) البخاري: الصحيح (فتح الباري ٣: ٣٤٧).

٣) عبدالرزاق: المصنف ٤: ١٢٩، وابن ابي شيبة: المصنف ٢: ٤١٤ والاثر صحيح.

٤) ابوداود: السنن ٢: ١٠٩، والنسائي: السنن ٥: ٤٦، والدارقطني: السنن ٤: ٢٣٨، والبيهقي: السنن ٤: ١٢٦ والاثر حسن. وانظر أثراً آخر في عبدالرزاق: المصنف ٤: ٦٢، وابن أبي شيبة: المصنف ٢: ٣٧٣، وهو أثر حسن أيضاً، ويقوى الاثران الى الصحيح لغيره في فرض الزكاة العشرية على العسل الذي تحميه الدولة للمستثمر.

٥) ابن زنجويه: الاموال ٣: ١٢٤٣، والاثر حسن، وانظر مارواه أبوداود: السنن ٢: ١١٢، حيث نسب ذلك الى عمر من طريق مولاه نافع، في حين ان سبعة من أصحاب نافع نسبوه الى معاوية (مسلم: التمييز ٢١١، ٢١٢) وراجع البخاري: الصحيح (فتح الباري ٣: ٣٧٢) في نسبته الى معاوية.

٦) ابن حجر: فتح الباري ٣: ٣١٣.

زەكات لە خیلافەتی عومەر رەزای خوا لێبێت:

١ـ ئەنەسی كوڕی مالیك.[١]

٢ـ سەعیدی كوڕی ئەبی زوباب، بەسەر سەرات.[٢]

٣ـ حاریسەی كوڕی مەزریبی عەبدی.[٣]

٤ـ عەبدوڵڵای كوڕی ساعیدی.[٤]

٥ـ سەهلی كوڕی ئەبوحەسەمە.[٥]

٦ـ مەسلەمەی كوڕی موخللەدی ئەنصاری.[٦]

٧ـ موعازی كوڕی جەبەل، لەسەر بەنی كیلاب.[٧]

٨ـ سەعدی ئەعرەج، لەسەر یەمەن.[٨]

٩ـ سوفیانی كوڕی عەبدوڵڵای سەقەفی، فەرمانڕەوا بوو لەسەر تایفو زەكاتەكانیشی كۆدەكردەوە.[٩]
بەڵام لە سەردەمی عوسمان (رەزای خوای لێبێت) دەستكاری یەك كرا لەم مەسەلەیە، ئەویش ئەوەبوو بواردرایە خەڵكیی خۆیان زەكاتی ماڵە دیارەكانیان دەربكەن (ئاڵتوونو زیو) بۆ ئەوەی بیدەن بە دەوڵەت،[١٠] پاساوی ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە ویستوویەتی ناڕەحەتی لادات لەسەر

١) عمر بن شبة: تاريخ المدينة ٣: ٨٥٤، ٨٥٥، والاثر صحيح، وابوعبيد: الاموال: ٤٢٧، وابن زنجويه: الاموال ٣: ٩٣٤ والاثر حسن.

٢) ابن ابي شيبة: المصنف٢: ٣٧٣، وابن زنجويه: الاموال ٢: ١٠٩١، والبزار: المسند ١: ٤١٥ـ ٤١٦.

٣) ابن ابي شيبة: المصنف ٢: ٣٩٤ والاثر صحيح.

٤) مسلم: الصحيح ٢: ٧٢٣، والنسائي: السنن ٥: ١٠٣ـ ١٠٥.

٥) عبدالرزاق: المصنف ٤: ١٢٩، وابن ابي شيبة: المصنف ٢: ٤١٤، والبيهقي: السنن ٢: ١٢٤ والاثر صحيح.

٦) ابن سعد: الطبقات ٣: ٣١٣، وابن زنجويه: الاموال ٣: ١١٩٢ والاثر ضعيف.

٧) أبوعبيد: الاموال ٥٨٩، ٥٩٠ والاثر ضعيف.

٨) عبدالرزاق: المصنف ٤: ١٣، وابن ابي شيبة: المصنف ٢: ٣٦٨، وابن زنجويه: الاموال ٢: ٨٧٣، ٨٧٦ والاثر ضعيف.

٩) مالك: الموطأ ١: ٢٥٤، وعبدالرزاق: المصنف ٤: ١٠، ١١، ١٤، ١٥، وابن ابي شيبة: المصنف ٢: ٣٦٨، والبلاذري: فتوح البلدان ٩٦.

١٠) ابوعبيد: الاموال ٥٣٤ بسند صحيح.

خەڵکیی‌و بێزار نەبن لە پشکنێرە خراپەکان، بۆیە سەرپشکی کردن لە دەرکردنی،[1] بەڵام سەبارەت بە زەکاتی مەڕو ماڵات و دارخورما دەوڵەت خۆی بەردەوام بوو لە کۆکردنەوەی.

بێگومان ئەم کردارەش سەرچاوەکانی (بيت المال)ی لە زەکات کەمکردەوە، بەڵام کاریگەری بوو لەسەر هاوبەرپرسیاری کۆمەڵایەتی لە نێوان خەڵکیی، چونکە زەکات فەرزێکی ئاینی یە، کۆمەڵگایش هۆشیاری زۆری هەبوو بە ئیسلام و ئارەزووی راستەقینەشی هەبوو لە جێبەجێکردنی رێنمای یەکانی.

١) السرخسي: المبسوط ٢: ١٦٩، وانظر: أبا عبيد: الاموال ٥٠٩ رقم ١٨١٧.

باسی پێنجەم:
دەیەکی بازرگانی

بازرگانی لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ و خیلافەتی ئەبوبەکر دەیەکی لەسەرنەبوو، بەڵکو عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) بۆ یەکەمین[1] جار دەیەکی سەپاندە سەر بازرگانە بێگانەکان کاتێك کەلوپەلیان دەهێنایە نێو وڵاتی موسڵمانانەوە، چونکە دەوڵەتەکانیان باجی دەیەکی لە بازرگانە موسڵمانەکان وەردەگرت، بۆیە ئەمیش سیاسەتی هاوشێوەی لەگەڵیان بەرپا کرد، دەیەك یەکجار لە بازرگان وەردەگیراو پسولەیەکی دەدرایە بەرانبەر ئەو پارەیە بۆ ئەوەی دووبارە لی وەرنەگیردرێتەوە، کاتێك لە سنوور تێپەڕ دەبێت، ئینجا عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) ئاگاداری ئاڕاستەی لێپرساوی دەیەکەکان کرد کە زیادی کوڕی صودەیر بوو "لەساڵێکدا یەك دەیەك زیاتر وەرنەگیرێت" "دەیەکی وەردەگرت لەهەرکەسێك بڕۆشتایە یان بهاتبایە"[2] بڕی باجی دەیەکیش بریتی بوو لە یەك درهەم لە هەموو درهەمێك.[3] ئەمەیش بازرگانە نەبتیەکانی دەگرتەوە، بەڵام دواتر سووك کرایەوە لەسەریان کاتێك گەنم و زەیتیان دەهێنا نیوەی دەیەکیان لێوەردەگیرا لەبەر پێویستی خەڵکی بەو شتومەکانە، بەڵام کاتێك نیسك و نۆك و لۆبیاو شتی لەو جۆرەیان دەهێنا کە خەڵکی زۆر پێویستیان پێی نی یە بە هۆی بەدەستکەوتنیان لە بازاڕە ناوخۆی یەکان لەو کاتە دەیەکیان لێوەردەگیرا.[4] جاری واش بوو دەیەك دەدرایە لێپرساوی بازاڕ، ئەوسەردەمەش عەبدوڵلای کوڕی عوتبە لەسەر بازاڕی مەدینە بوو، بە هاوکاری سائیبی کوڕی یەزید، جا ئەوان دەیەکیان لە نەبتیەکان وەردەگرت.[5]

بەهەمان شێوە نیوەی دەیەك وەردەگیرا لە بازرگانەکانی ئەهلی زیمە، بێجگە لە بەنی تەغلیب کە عەرەب بوون و دەیەکیان لێوەردەگیرا.[6]

---

١) أحمد: فضائل الصحابة ١: ٣٢٩ والاثر صحيح.

٢) أبوعبيد: الاموال ٥٣٠ والاثر صحيح.

٣) عبدالرزاق: المصنف ٤: ٨٨و ٦: ٩٠، وابوعبيد: الاموال ٥٣٠، والبيهقي: السنن الكبرى ٩: ٢٠٩- ٢١٠ والاثر صحيح.

٤) مالك: الموطأ ١: ٢٦٦، وعبدالرزاق: المصنف ٦: ٩٩- ١٠٠و ١٠: ٣٣٥، وابوعبيد: الاموال ٥٣١، وابن ابس شيبه: المصنف ٢: ٤١٧، والبيهقي: السنن ٩: ٢١٠ والاثر صحيح.

٥) مالك: الموطأ ١: ٢٦٦، وابوعبيد: الاموال ٥٣١ والاثر صحيح.

٦) عبدالرزاق: المصنف ٦: ٩٥، و٤: ٨٨، وابوعبيد: الاموال ٣٤، ٥٣٠- ٥٣١، وابن زنجويه: الاموال: ١: ١٣١- ١٣٢ والاثر حسن مداره على ابراهيم بن المهاجر وهو صدوق لين الحديث، وقد اختلف عليه الرواة، فرو الحكم بن عتيبة وسفيان

بەڵام بازرگانە موسڵمانەکان جگە لە زەکات کە چواریەکی دەیەکە هیچیان نەدەدا، ئەژمارێکیش لەبەردەستدا نی یە سەرچاوەکانی (بيت المال) لە دەیەك روون بکاتەوە لەسەردەمانی خیلافەتی ڕاشیدە.

الثوري فذكرا فرض العشر على بني تغلب وهما ثقتان، ورواه اسرائيل وشريك عنه فذكرا فرض نصف العشر، واسرائيل ثقة وشريك صدوق يخطئ كثيراً وروايتهما مخالفة فهي شاذة.